# نەخۆش

## چۆن نوێژ بکات؟

ناوی کتێب : نەخۆش چۆن نوێژ بکات؟
وەگێڕانی : مامۆستا پشتیوان حسن
پێداچونەوەی : مامۆستا عدنان بارام
نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٤٤ کۆچی ٢٠٢٢ی لە دایک بوون .

=====================================

-------------------------------------

**بەرهەمی**

**﴿ماڵپەڕی بەهەشت ، و ماڵپەڕی وەڵامەکان﴾**

ba8.org walamakan.com

**٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨**

# نەخۆش

# چۆن نوێژ بکات؟

## لەگەڵ حوکمەکانی

## نوێژکردن لەسەر کورسی

وەرگێڕانی

پشتیوان حسن کەرەم

پێداچونەوەی

مامۆستا عدنان بارام کەلاری

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەكی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

**أَمَّا بَعْدُ ...**

فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

**یەكێك لە نیشانەكانی تەواوێتی ئەم شەریعەتی ئیسلامە ئەوەیە كە بە بارسوكی و ئاسانكاری هاتووە بەتایبەت بۆ كەسانی نەخۆش وناساغ بەشێوەیەك كە گونجاوە لەگەڵ حاڵەت و بارودۆخیاندا، و ڕەچاوی ئەو دۆخەكراوە كە تێیدان و پەرستشەكانیان بۆ ئاسان كراوە هەر لە دەستنوێژ و نوێژ و جگە لەوانیش بەپێی عوزر و نەخۆشیەكەیان، ئەوەش لەپێناو ئەوەی لە خواپەرستی دانەبڕێن وەكو كەسانی لەشساغ.**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلا وُسْعَهَا﴾ {البقرة: ٢٨٦} واتە: ئایینی خوای پەروەردگار ئاسانە وگرانی تێدا نیە ، خواش داوای شتێك لەبەندەكانی ناكات كە لەتواناياندا نەبێت.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ {البقرة: ١٨٥} واتە: خوای بەرز و بڵند و پایەبەرز ئاسانكاری بۆ دەوێن لەشەریعەتەكانیدا ، و مەشەقەت و نارەحەتی بۆ ناوێن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُخَفِّفَ عَنْكُمْ وَخُلِقَ الإِنْسَانُ ضَعِيفًا (٢٨)﴾ {النساء} واتە: خوای پەروەردگار بەوەی كە بۆی شەرعاندوون كارئارئاسانی و قورس نەكردنی بۆ دەوێن ، چونكە ئێوە بەلاوازی دروستكراون .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ {الحج: ٧٨} واتە: خوای گەورە بەخششی خۆی پێكەرەم كردوون بەوەی شەریعەتەكەی نەرم ولێبوردە كردووە بۆتان، و هیچ تەنگوچەڵەمە و بارگرانی و نارەحەتی لە داواكاری و ئەحكامەكانی تێیدا لەسەر شانتان دانەناوە ، هەروەكو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوە هەبوو.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ {الحج: ٧٨} واتە: ئەی باوەڕداران هەموو هەوڵ و كۆششێكی خۆتان لە تەقوای خوادا بخەنەگڕ.

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ دەفەرموێت: ((إنَّ الدين يُسْرٌ))[١] واتە: بەڕاستی ئەم دینە ئاسانە.هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: "إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم " [٢] واتە: ئەگەر فەرمانێکم پێتان کرد ئەوەندەی دەتوانن جێ بەجێی بکەن.

جگە لەمانەش چەندین ئایەت و فەرموودە کە تێکڕا بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم شەریعەت و دینی ئیسلامە بیناکراوە لەسەر ئاسانکاری و بارسووکی، و نەهێشتنی نارەحەتی و بارقورسی، و هەروەها دروستێتی بەکارهێنانی روخصەتەکانی لەکات و حاڵەتی خۆیاندا، و تەنانەت یەکێك لە رێساکانی ئەم شەریعەتە وەکو زانایان ئاماژەی پێ دەکەن و دایان ڕشتووە بریتیە لە " المشقة تجلب التيسير " واتە نارەحەتی ئاسانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

جا ئەوەی پێویست و واجبە لەسەر تاکی موسڵمان گرنگی بە نوێژەکەی بدات، و بەو شێوازە ئەنجامی بدات کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لە قورئانەکەیدا زیاتر لە یەك شوێن، جا بەجێهێنانی نوێژ واتە خواپەرستی کردن بە نوێژبۆکردنی بەشێوەیەکی ڕێك و تەواو و بێ

(١) أخرجه البخاري، كتاب الإيمان، باب الدين يسر (٣٩) .

(٢) أخرجه البخاري، كتاب الاعتصام، باب الاقتداء بسنن رسول الله صلى الله عليه وسلم (٧٢٨٨)، ومسلم، كتاب الفضائل، باب توقيره صلى الله عليه وسلم وترك إكثار سؤاله عما لا ضرورة إليه (١٣٣٧) .

کەموکورتی لەڕووی کات و خودی شێوازی نوێژەکەشەوە، بەوەی کە پایە و واجباتەکانی جێ بەجێ بکات و هاوکات سووریش بێت لەسەر کردنی سوننەتە کرداری و گوفتاریەکانی تێیدا.

جا زانایان رەحمەتی خوایان لێ بێت بەدەق باسی ئەوەیان کردووە کە هەر شتێك کە خوای میهرەبان یان پێغەمبەرەکەی ﷺ واجبیان کردبێت یان کردبێیتان بە مەرج بۆ عیبادەتێك یان پایەیەك تێیدا یان تەواوێتی و دروستێتی ئەو عیبادەتە لەسەر ئەمە وەستابێت، ئەوا پەیوەستە بە تواناوە، چونکە ئەوە حاڵەتێکە کە تێیدا فەرمانی پێکراوە، بەڵام لەکاتی نەتوانین و لاوازیدا، بە فەرمان پێکراو هەژمار ناکرێت و لەسەری دەکەوێت، چونکە ئەو عیبادەتە بۆ ئەو کەسە لەو حاڵەتەدا لەدەرەوەی وزە و تواناکانیدایە و ناتوانێت بەگوێرەی داواکراو پێی هەستێت[٣].

پێشەوا عیززی کوری عبدالسلام باسی یەکێك لە رێساکانی ئیسلام دەکات و دەڵێت: " هەرکەس داوای ئەنجامدانی عیبادەتێکی لێ بکرێت و ئەمیش هەندێکی بتوانێت و بەشێکی نەتوانێت، ئەوا ئەوەی

[٣] : تهذيب السنن (٤٧/١)، القواعد والضوابط الفقهية عند ابن تيمية في كتابي الطهارة والصلاة ص: ٢٦٨.

دەیتوانێت ئەنجامی دەدات و باقیەکەشی لەسەری دەکەوێت و تاوانبار نابێت... "[٤].

هەروەها پێشەوا ابن تەیمیە دەڵێت: " زانایانی ئیسلام هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر نوێژخوێن هەندێك لە واجباتەکانی نوێژی نەتوانی و پێی نەکرا پێی هەستێت وەکو خۆی و بەجوانی وەکو راوەستان بەپێوە و قورئان خوێندن و رکوع و سوجدە و داپۆشینی شەرمگە (عەورەت) و رووکردنە قیبلە و جگە لەمانەش ئەوا لەسەری دەکەوێت چونکە ناتوانێت، و ئەوەی لەسەری واجبە تەنها ئەوەیە کە بەجوانی دەتوانێت بەجێی بگەیەنێت و پێی هەستێت "[٥].

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

[٤] : قواعد الأحكام في مصالح الأنام (٢/١٠).

[٥] : مجموع الفتاوى (٨/٤٣٨).

## نوێژی كەسی نەخۆش چوار پلەی هەیە:

**پلەی یەكەم:** ئەوەیە كە بتوانێت بەپێوە بوەستێت، لەم كاتەدا بەراوەستانەوە نوێژەكەی دەكات، تەنانەت ئەگەر لەتوانایدا هەبوو یەكەم الله أكبریش بكات ئەوا دەبێت بەپێوە بیكات، پاشان دابنیشێت، ئەمە بنچینەی بابەتەكەیە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خواﷺ بە عیمرانی كوری حوصەینیرضي الله عنه فەرموو: « صَلِّ قَائِمًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ "[٦] واتە: (بە پێوە نوێژەكانت ئەنجام بدە، ئەگەر توانات نەبوو بە دانیشتنەوە ئەنجامیان بدە، دیسان ئەگەر توانات نەبوو لەسەر لا ئەنجامیان بدە).

وە كۆمەڵێك لە زانایانیش یەكدەنگیان گێڕاوەتەوە لەسەر ئەوەی كە راوەستان بە پێوە بۆ نوێژ فەرزە، ئەوەتا پێشەوا ابن حەزم دەڵێت: " زانایان یەكدەنگن لەسەر ئەوەی كە راوەستان بە پێوە بۆ نوێژ فەرزە بۆ كەسێك بتوانێت و هیچ ترس و عوزرێكی نەبێت "[٧].

---

[٦]: رواه البخاري (١١١٧).

[٧]: مراتب الإجماع، ص: ٢٦.

پێشەوا ابن عبدالبر دەڵێت: " ئەگەر هاتوو كەسی نەخۆش بتوانێت بەپێوە بوەستێت و نوێژەكەی بەدانیشتنەوە بكات ئەوا لای هەموو زانایان نوێژەكەی دروست نییە و لەسەریەتی دووبارەی بكاتەوە "[٨].

هەروەها پێشەوا ابن روشد دەڵێت: " هەركەس بەراوەستانەوە نوێژ نەكات و بشتوانێت، ئەوا نوێژەكەی دروست نییە "[٩].

پێشەوا قورتوبی دەڵێت: " ئوممەت یەكدەنگە لەسەر ئەوەی كە راوەستان لە نوێژدا فەرز و واجبە لەسەر هەموو تاكێكی لەشساغ كە بتوانێت بەپێوە بوەستێت، ئیتر بەتەنها نوێژەكەی بكات یاخود پێشنوێژ بێت "[١٠].

وە بە راوەستانەوە نوێژەكەی دەكات ئەگەر پشتیشی چەمابێتەوە، ئەگەر چەمانەوەكەی لە راوەستانەوە نزیك بوو، چونكە هەر شتێك لە شتێكی ترەوە نزیك بوو ئەوا حوكمی ئەو وەردەگرێت، وە بۆی هەیە دارێك یان گۆچانێك بەدەستەوە بگرێت یاخود پاڵ بەدیوارێكەوە بدات و هاوشێوەی ئەم شتانە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە لە فەرزەكەوە نزیكترە، و دروست

---

[٨] : التمهيد (١٣٢/١).

[٩] : البيان والتحصيل (١٥٩/٢).

[١٠] : تفسير القرطبي (٤٢٥/١).

نییــه بـۆی لــه حاڵــەتی راوەســتانەوە بـچێت بـۆ حاڵــەتێکی تــر و توانــای راوەستانیشی هەبێت[١١].

**پلەی دووەم:** ئەوەیە کە توانای راوەستانی نەبێت، لـەم حاڵەتـەدا بـە دانیشتانەوە نوێژەکەی دەکات، پێشەوا ابن المنذر دەڵێت:

" زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە فەرزی سەر ئەو کەســەی کـە ناتوانێت بەراوەستانەوە نوێژ بکات ئەوەیە کە بەدانیشتنەوە نوێژەکەی بکـات "[١٢].

وە پێشەوا ابن روشد دەڵێت: " زانایان یەکدەنگن لەسەر ئـەوەی کـە کەسی نەخۆش داوای ئەنجامدانی نوێژی لێکراوە، و فەرزێتی بەپێوە وەستانی لەسەر دەکەوێت ئەگەر نەیتوانی و لـەبری ئـەوە بـە دانیـشتنەوە نوێژەکـەی دەکات "[١٣].

[١١] : المسالك في شرح موطأ مالك (٣/٥١).

[١٢] :الإشراف (٢/٢١٢).

[١٣] : بداية المجتهد (١/٤٢٥).

**دانیشتنیش دوو جۆرە:**

**١. دانیشتن لەسەر کورسی، ئەمەش زۆرترین حاڵەتە لەو کەسانەی کە لەناتوانن دابنیشن، و بەویستی خوا دواتر لەباسی چۆنێتی نوێژی سەر کورسی باسی دێت.**

**٢. دانیشتن لەسەر زەوی، مەرجی دروستێتی نوێژی ئەم کەسە ئەوەیە کە بەڕاوەستانی بەپێوە تووشی نارەحەتیەکی ئاشکرا بێت یان چاکبوونەوەی نەخۆشیەکەی دوابخات یان نەخۆشی و ئازارەکەی زیاتر بکات یان سەرگێژبوونی تووش بێت یاخود بەهەستانی خشوعی نەمێنێت بەوەی دڵەڕاوکێ و نائارامی بۆ دروست بێت، جا لە ئەگەری رووودانی هەریەك لەم حاڵەتانەدا ئەم کەسە بۆی هەیە بەدانیشتنەوە نوێژەکەی بکات، لەبەر ئەو برگەیەی فەرموودەکە کە دەڵێت: " فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا " و هەروەها خشوعیش مەبەستە لە نوێژدا[١٤]، و جگە لەوەش وەکو پێشتر باسی کرا یەکێك لە ڕێسا فیقهیەکان ئەوەیە کە نارەحەتی ئاسانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.**

**لێرەشدا بابەتێك هەیە شایستەی ئاماژە پێکردنە: ئەویش بریتیە لەوەی کە کەسێکی نەخۆش ئەگەر خۆی بەتەنها نوێژ بکات ئەوا**

[١٤] : المجموع (٤/٣١٠)، المغني (٢/٥٧٠ – ٥٧١).

دەتوانێت بەڕاوەستانەوە نوێژبکات، بەڵام بە جەماعەت بە دانیشتنەوە دەتوانێت، بۆ چارەسەی ئەم حاڵەتە چەند بۆچوونێك ئاماژەی پێ كراوە، لەوانە:

وتراوە: کەسەکە خۆی سەرپشك دەکرێت تێیدا، چونکە لەهەریەکەیاندا هەم واجبێك بەجێ دەهێنێت و هەمیش واجبێك لەدەست دەدات.

وتراوە: لەماڵەوە بەتەنها و بەڕاوەستانەوە نوێژەکەی دەکات، چونکە راوەستان پایەیە لە نوێژدا و بەبێ ئەوە نوێژ دروست نییە بۆ کەسێك کە توانای هەبێت، و ئەمیش لەوەدا دەتوانێت، و جەماعەتیش واجبێکە کە بەبێ ئەوەش نوێژ هەر دروستە.

وتراوە: بەجەماعەت ئەنجامدانی نوێژەکەی لەپێشترە، چونکە کەسێکی لەشساغ بەدانیشتنەوە نوێژ دەکات لەپشت پێشنوێژێکی نەخۆشەوە، لەپێناو شوێنکەوتنی و نوێژە بەکۆمەڵەکە، جا نەخۆش لەپێشترە کە بەدانیشتنەوە نوێژ بکات لە پشت ئیمامێکی لەشساغەوە، ئەم بۆچونەش زانای ناودار شێخ عبدالرحمن السعدی پەسەندی کردووە و دەڵێت: " ئەم کەسە ئامادەی جەماعەت دەبێت و بەدانیشتنیشەوە نوێژەکەی دەکات، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکانی نوێژی بەکۆمەڵ بەرانبەر بە هیچ

بەرژەوەندیەك نییە ئەوەندە زۆرن، دیسانەوە ئەگەر ئەم کەسە گەیشتە شوێنی نوێژی بەکۆمەڵ و نەیتوانی بەڕاوەستانەوە ئامادەی بێت ئەوا واجب نییە لەسەری و دانیشتنەکەی وەکو بەپێوە وەستان وەهایە بۆی، و بەمەش بەرژەوەندی نوێژی بەکۆمەڵ بەدەست هات و خێر وبەرژەوەندی جەماعەتیشی لەدەست نەچوو، خواش زاناترە "[١٥].

ئەگەر بەدانیشتنەوە نوێژی کرد ئەوا لەئاست ڕیزەکەدا دەبێت و پێش و پاش ناکات، و شێوازی دانیشتنەکەشی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە عیمرانی فەرمووە: " فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا " ئەگەر نەتتوانی ئەوا بەدانیشتنەوە نوێژ بکە، ئیتر شێوازێکی تایبەتی بۆ دانیشتن باس نەکرد وئاماژەی بە هیچ نەکرد لەو بارەیەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەهەر شێوەیەك دەیەوێت و بۆی ئاسانە بەو شێوەیە دادەنیشێت، چوارمشقی بێت یان لەسەر قاچێکی دابنیشێت وقاچەکەی تری بچەقێنێت بەزەویدا یان لەسەر ڕانی دابنیشێت و قاچی چەپی لەژێر قاچی راستیەوە دەردەکات و قاچی راستی بەزەویدا بچەقێنێت و جگە لەمانەش هەر شێوازێك بێت دروست وڕێگەپێدراوە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ لێیەوە سابت بووە کە بەدانیشتنەوە نوێژی کردووە، و هیچیش نەهاتووە سەبارەت بە چۆنێتی

---

[١٥] : البيان للعمراني(٢/٤٤٤)، المغني (٢/٥٧٢)، المجموع (٤/٣١٣)، المختارات الجلية ص(٤٦) ، الشرح الممتع (٤/٣٣٨).

دانیشتنەکەی تەنها ئەوە نەبێت لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت هاتووە کە دەڵێت: " رأيت رسول اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يصلي متربعاً "[١٦].

واتە: پێغەمبەری خوام بینی بە چوارمشقیەوە نوێژی دەکرد. سەرەڕای ئەوەی ئەم فەرموودەیە وتەی لەسەرە کە لاواز بێت، پێشەوا ابن المنذر پاش ئەوەی کە دەڵێت ئەو فەرموودەیەی کە باسی چوارمشقی دەکات سابت نییە ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە " سەبارەت بە چۆنێتی دانیشتنی کەسی نەخۆش لەکاتی نوێژدا هیچ شێوازێکی سوننەت نەهاتووە کە دەستی پێوە بگیرێت و خەڵکی شوێنی بکەون، بۆیە هەرکەس بەو شێوەیە دادەنیشێت کە بۆی ئاسان و گونجاوە[١٧]، جا هەیە چوارمشقی باشە بۆی هەشە وەکو دانیشتنی نێوان هەردوو سوجدەکە دادەنیشێت و هەموو ئەمانەش لە زانایانی پێشووەوە گێڕدراونەتەوە"[١٨].

[١٦] : أخرجه النسائي (٣/٢٢٤) وابن خزيمة (١٢٣٨) من طريق
الحفري عن حفص عن حميد عن عبدالله بن شقيق عن عائشة، قال النسائي عقبه: " لا أعلم أحداً روى هذا الحديث غير أبي داود، وهو ثقة، ولا أحسب هذا الحديث إلا خطأ. والله تعالى أعلم ". انظر: منحة العلام (٣/١١٤).

[١٧] : كذا في طبعة دار طيبة (٤/٣٧٦) و طبعة الفلاح (٤/٤٣٤).

[١٨] : الأوسط (٤/٣٧٦).

جا شێوازی چوار مشقی لـەنێوان زانایانـدا هەیانـە رێگـەی پـێ داوە، و هەیانە پەسەندی کردووە وهەڵی بژاردووە و هەشـیانە بـە مـەکروهی زانیوە[١٩].

جا لە ژێر رۆشنایی ئەوانەی کە باس کران، نوێژخوێنی دانیـشتوو بـۆی هەیـە بەهـەر شـێوازێك کـە پێـی ئاسـوودەیە دابنیـشێت، و هـەر شێوازێکیش نزیکتربێت لە شـێوازی بنـەڕەتی نوێـژەوە ئـەوەیان لەپێـشترە، و چوارمشقیش زیاتر لەو شێوازانەی تـر ئاسـوودەتر و ئـارامترە بـۆ نـەخۆش و خاوەن ئازار، پاشان ئەگەر ویستی رکوع ببات ئەوا هەندێ لە زانایان دەڵێن: هەر بە چوارمشقیەوە رکوعەکـەی دەبـات، چـونکە ئـەو دانیـشتنەی وەکـو راوەستان وەهایە بۆی ولەبری ئەودایە، و ئەگەر ویستیشی سوجدە ببات ئـەوا قاچەکانی جووت دەکـات و لەسـەر زەوی سـوجدەی ئاسـایی خـۆی دەبـات، هەندێکی تر لە زانایانیش دەڵێن: قاچەکانی جووت دەکات و رکوع دەبـات و پاشانیش سوجدە دەبات، جا ئەم دوو شێوەیە لە سەلەفەوە هاتووە و دروستە.

سەبارەت بە دانیشتنی بنەڕەتی ناو نوێژ وەکو دانیشتن بـۆ تـەحیات و دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکە، ئەوا بە شێوازی (إفتراش یان تورك) دەبێـت، ئیفتراشیش واتە دانیـشتن لەسـەر قاچـی چـەپ و چـەقاندنی قاچـی راسـت

[١٩] : مصنف عبدالرزاق (٢/٤٦٦)، مصنف ابن أبي شيبة (٤/٣٢٢)، مختصر قيام الليل للمروزي ص (١٨٤)، البيان للعمراني (٢/٤٤٣)، المغني (٢/٥٦٨)، المسالك (٣/٥٣).

بەزەویدا و تەوەروکیش واتە دانیشتن لەسەر ڕان و سمتی چەپ و دەرکردنی قاچی چەپ لەژێر قاچی ڕاستەوە، ئەمەش کۆمەڵێك لە زانایان وتویانە، بۆ ئەوەی جیاوازی هەبێت لەنێوان ئەو دانیشتنەی کە لەبری راوەستانە و ئەو دانیشتنەشی کە هی خودی نوێژەکەیە و بنەڕەتیە، جا هەموو ئەمانەش سوننەتە و هیچیان واجب نین، چونکە بەڵگەی واجب بوونیان بەدەستەوە نییە لەوبارەیەوە[٢٠].

پاشان نوێژخوێنی دانیشتوو لەکاتی رکوعدا تەنها ئاماژە بەسەری دەکات بۆی[٢١]، پاشان ئەگەر توانی نێوچەوانی لەسەر زەوی دابنێت بۆ سوجدە ئەوا لەسەریەتی ئەو کارە بکات، لەبەر گشتێتی ئایەتی : ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ و هەروەها فەرموودەی: " إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم "، و ئەگەریش نەیتوانی لە زەوی نزیك بێتەوە ئەوا ئەو فەرزەی لەسەر دەکەوێت، و تەنها ئاماژەکردنی بەسە بۆ سوجدەش وەکو چۆن بۆ

---

٢٠ : مصنف ابن أبي شيبة (٤/٣٢٥)، الأوسط (٤/٣٧٤ – ٣٧٧)، مختصر قيام الليل ص (١٨٤-١٨٦) ، الشرح الممتع (٤/٣٢٧-٣٢٨).

٢١ : **ئاماژەکردن بەسەر بۆ رکوع لە فەرموودەی ابن عومەرداﷺ هاتوو کەباسی نوێژی سوننەتی پێغەمبەرﷺ دەکات بەسەر ولاخەوە لەشەودا. کە هەردوو پێشەوا بوخاری (١١٠٥) و موسلیم (٧٠٠) گێراویانەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا زانایان ئاماژەیان بۆ پشت چەمانەوەش کردووە لەو کاتەدا هەروەکو چۆنێتی نوێژی خاوەن عوزرەکان.** انظر: البيان للعمراني (٢/٤٤٣) ، المغني (٢/٥٧٥)، الفواكه الدواني (١/٢٨٤)، حاشية الدسوقي (١/٢٥٩).

ركوع هەمان كاری كرد، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئاماژەكردن بۆ ركوع و سوجدە بۆ نەخۆش دروست ورێگەپێدراوە و شێوازی ڕاست و دروستی نوێژە بۆیان، چونكە سابت بووە لە فەرموودەدا لەباسی ئەنجامدانی نوێژی سوننەت بەسەر پشتی وڵاخەوە و جگە لەوەش، بەڵام ئاماژەكردنەكەی بۆ كاتی سوجدە هەندێك نزمتر و زیاتر دەبێت لەوەی ركوع، چونكە لەبری سوجدە و ركوع تەنها ئاماژەكردنەكە شوێنیان دەگرێتەوە و حوكمی ئەوان دەبات.

هەروەها هیچ شتێك سابت نەبووە و نەهاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لەبارەی ئەوەی ئەگەر نەخۆش نەیتوانی لەسەر زەوی سوجدە ببات ئەوا بەرماڵێك یان شتێكی هاوشێوەی ئەو بەرزبكاتەوە بۆ لای سەری و سوجدەكەی لەسەر ببات، ئەمەش پێی ناوترێ سوجدەی بردووە هەتا نێوچەوانی لەسەر زەوی دانەنێت، ئەمەش پێشەوا شافعی وتویەتی، و جگە لەوەش ئەنجامدانی ئەوكارە قورسكردنی كار و نارەحەت كردنی ئەركە لە دینی خوادا، و زۆربەی زانایانی پێشین و پاشینیش لەسەر ئەم بۆچوونەن[٢٢].

جێگیر بووە لە ابن عومەرەوە رضي الله عنه كە دەڵێت: " ئەگەر نەخۆش نەیتوانی سوجدە ببات ئەوا ئاماژە دەكات، و هیچ شتێك بۆ لای نێوچەوانی

[٢٢] : الأم للشافعي (٢/١٧٧)، والاستذكار (٦/٢٨٩)، المغني (٢/٥٧٦)، فتاوى الشيخ ابن عثيمين (١٥/٢٣١).

وپێشەسەری بەرزناکاتەوە"[٢٣]. وە ابن مەسعودیش ﷺ دەڵێت: " دەموچاوت لەسەر زەوی دابنێ، و ئەگەر نەتتوانی ئەوا ئاماژەی بۆ بکە، و با سوجدەکەت کەمێك نزمتر بێت لە رکوعەکەت "[٢٤].

پێشەوا ابن عبدالبر دەڵێت: " کار کردن بەم شێوازە پەسەندکراوە لای پێشەوا مالك و زۆربەی زانایان "[٢٥].

پرسیار: ئەگەر بە ئاماژەکردن سوجدەی برد، ئایا لەسەریەتی ئەندامەکانی تری لەسەر زەوی دابنێت وەکو هەردوو دەست؟ بۆ وەڵامی ئەمەش دوو بۆچوون هەیە:

وتەی یەکەم: لەسەری نییە، چونکە سوجدە لەسەر ئەندامەکانی تر واجب بووە بەهۆی سوجدەی نێوچەوانەوە لەسەر زەوی و تەواوکەری ئەون، و بۆیە دانانی هەردوو دەست لەسەر زەوی لەکاتی سوجدەدا شوێنکەوتەی دانانی نێوچەوانە لەسەر زەوی، بەڵام مادام سوجدە نەبراوە لەسەر نێوچەوان، بۆیە دەستەکانیش لەسەر زەوی دانانرێن و بەڵکو لەسەر ئەژنۆ یان لەسەر ڕانەکانی دایان دەنێت، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە[٢٦].

---

[٢٣] : رواه مالك (١/١٦٨)، وعبدالرزاق في مصنفه (٢/٤٧٦).

[٢٤] : رواه عبدالرزاق (٢/٤٧٧)، وابن ابي شيبة (١/٤٢٦)، والبيهقي (٢/٣٠٧).

[٢٥] : المبسوط (١/٢١٧)، المجموع (٣/٤٢٦)، حاشية الدسوقي (١/٢٦٠)، الإنصاف (٢/٦٧).

[٢٦] : المبسوط (١/٢١٧)، المجموع (٣/٤٢٦)، حاشية الدسوقي (١/٢٦٠)، الإنصاف (٢/٦٧).

وتەی دووەم: ئەگەر تـوانی لـە زەوی نزیـك بێتـەوە بەشـێوەیەك كـە شێوازەكەی لە سوجدەی تەواو بچێت ئەوا لەسەری واجب دەبێـت كـە گـشت ئەندامەكانیشی سوجدە ببەن، چونكە كە لە زەوی نزیـك دەبێتـەوە ئـەوا لـە حاڵەتی سوجدەوە نزیكترە تاوەكو لە دانیشتن، و ئەگەریش نەیتوانی لـە زەوی نزیك بێتەوە ئەوا لەسەری نییە كە سوجدە لەسەر ئەندامەكانی تـری ببـات، و تەنها ئاماژەی بەسە و دەستەكانیشی لەسەر ڕانـەكانێتی، ئەمـەش وتـەی پەسـەندكراوی قـازی ئـەبی یـەعلا و شـێخ عبـدالرحمن الـسعدی و شـێخ موحەممەد بن صالح عوسەیمینە[٢٧]، چونكە ئەم بۆچوونە ڕێك و گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕێسایەی كە پێشتر ئاماژەی بۆ كرا كە بریتی بوو لە: " هەركـەس داوای ئەنجامـدانی عیبـادەتێكی لـێ بكرێـت و ئـەمیش هەنـدێكی بتوانێـت و بەشێكی نەتوانێت، ئەوا ئـەوەی دەیتوانێـت ئـەنجامی دەدات و باقیەكەشـی لەسەری دەكەوێت و تاوانبار نابێت ".

لێرەدا بابەتێكی تر هەیـە كـە پێویـستە ئامـاژەی پـێ بكرێـت: ئەویش ئەوەیە ئەگەر هاتوو نەخۆش لە كاتی ئەنجامدانی نوێژەكەیدا هێـز و وزەی بۆ گەڕایەوە و دەیتوانی ئەو كارە بكات كـە پێـشتر نەیـدەتوانی، ئـەوا لەدانیـشتنەوە هەڵدەسـێت و بەڕاوەسـتانەوە نوێژەكـەی دەكـات، و بـە

[٢٧] : التعليق الكبير للقاضي أبي يعلى (٣٠٨/٢ – ٣٠٩)، قواعد ابن رجب (٤٥/١)، تعليق الشيخ محمد العثيمين عليه، كشاف القناع (٣٤٣/٢)، الفتاوى السعدية ص(١٤٧)، الشرح الممتع (٣٣٧/٤).

پێچەوانەشەوە ئەگەر بەپێوە بوو وە توانای نەما ئـەوا دادەنیـشێت، و ئـەوەی ماوە لە نوێژەكەی تـەواوی دەكـات وەكـو خـۆی، چـونكە یـەكێكی تـر لـە ڕێـساكانی شـەریعەت بریتیـە لـە: " پێویـستی و ناچـاریەكان بـەگوێرەی پێویـست بـەكاردەبرێن " و هـەروەها " ئـەوەی لەبـەر عوزرێـك دروسـت وڕێگەپێدراوە بە نەمانی عوزرەكە ئەمیش نامێنێت و ڕێگـەی پـێ نادرێـت "[٢٨] واتە ئەگەر هاتوو نەخۆش بە دانیشتنەوە نوێژی كرد لەبـەر عوزرێـك و دواتر ئەو عوزرە نەما و توانی بەپێوە بوەستێت ئەوا حوكمی دانیـشتن بـەتاڵ دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر بنچینەی نوێژ كە ڕاوەستانە.

پاشان ئەگەر سورەتی فاتیحەی دەخوێند بە ڕاوەسـتانەوە و پاشـان توانای وەستانی نەما ئـەوا لـەكاتی دابەزینـدا تـەواوی دەكـات و لەسـەری دەكەوێت، چونكە كـاتی دابەزینەكـەی بـەرزترە لـە كـاتی دانیـشتن، و بـە پێچەوانەشەوە واتە ئەگەر بەدانیشتنەوە سورەتی فاتیحەی دەخوێند و پاشـان هەسـتی بـە هێـز و وزەیـەك دەكـرد لـەناخی خۆیـدا و چـالاك بـوو ئـەوا هەڵدەستێت و لەكاتی هەستانەكەیدا تەواوی دەكات، ئەگەرچی هەندێك لـە زانایان دەڵـێن: لەسـەری ناكـەوێت ئەگـەر فاتیحـە خوێندنەكـەی لـەكاتی هەستانیدا تەواو بكات چـونكە هەركـە تـوانی هەسـتێت ئـەوا راسـتەوخۆ

[٢٨] : الأشباه والنظائر للسبكي (١/١٢١، ١٢٣).

لەسەری فەرز دەبێت کە بە پێوە بیخوێنێت، و خوێندنی فاتیحەش بۆ کەسی بەتوانا بە راوەستانەوە نەبێت دروست و رێگەپێدراو نییە، و نابێت لەکاتی هەستانیدا بیخوێنێت، و ئاشکرایشە کە کاتی هەستان لەخوار پلەی هەستان و ڕاوەستانە بە تەواوەتی.

بەڵام وتەی ڕاست و دروست ئەمەیە: کە فاتیحە خوێندنەکەی دروست و تەواوە لەوکاتەدا، لەبەرئەوەی مادام دەستی کردووە بە هەستان و هێشتا نەگەیشتووە پێی هەتا لەسەری فەرز بێت، و بۆیە دەستبەجێ لەکاتی هەستانەکەیدا دەستی کرد بە خوێندنی فاتیحە و ئەوەش ئەوپەڕی توانایە کە بەکاری هێناوە لەو پێناوەدا و کارێکی دروستی ئەنجام داوە و لەکاتی خۆیدا، وە کە دەشوترێت ئارام بگرێت هەتا بەتەواوی هەڵدەستێتە سەر پێ ئەوجا دەست بکات بە خوێند ئەمەش پێویستی بە بەڵگە هەیە[٢٩].

پلەی سێ یەم لە پلەکانی نوێژی کەسی نەخۆش: ئەوەیە کە نەتوانێت دابنیشێت، لەم حاڵەتەدا بەڕاکشانەوە و لەسەر لا نوێژەکەی دەکات، لەبەر ئەو بڕگەیەی فەرموودەکە کە دەفەرموێت: " فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ " پێشەوا ابن تەیمیە دەڵێت: " نەخۆش ئەگەر بەدانیشتنەوە یان

---

[٢٩] : المنتقى للباجي (٢٤٣/١)، البيان للعمراني (٤٤٧/٢)، المغني (٥٧٧/٢)، المختارات الجلية ص (٤٦)، الشرح الممتع (٣٣٥/٤).

لەسەر لا نوێژەکەی کرد ئەوا دووبارەی ناکاتەوە بەیەکدەنگی زانایانی ئیسلام "[٣٠].

فەرموودەکەش بەڕەهایی و بێ دیاری کردن باسی ڕاکشان دەکات بۆیە کەسەکە خۆی سەرپشکە لەوەی لەسەرلای ڕاست دەبێت یان چەپ، و باشتریش وایە لەسەر ئەولایە بێت کە بۆی ئاسان و گونجاوە، و ئەگەریش هەردوو بارەکە وەکو یەك و هاوتا بوو بۆی ئەوا لای ڕاست چاکترە، و دەموچاوی ڕووی لە قیبلە دەبێت، و بەسەریشی ئاماژە بۆ سنگی دەکات بۆ رکوع و سوجدە، و ئەگەریش کەس نەبوو کە ڕووی بگۆڕێت بۆ قیبلە ئەوا بەگوێرەی حاڵی خۆی نوێژەکەی دەکات و نوێژەکەی صەحیح و تەواو و دروستە، و لەسەری نییە کە دووبارەی بکاتەوە با دوای نوێژەکەشی کەسێکی دەستبکەوێت کە بیگۆڕێت بۆ ئاراستەی قیبلە، ئەمەش لەسەر وتەی پەسەندی نێوان زانایان، چونکە هەرکەس عیبادەتێکی ئەنجام دا کە فەرمانی پێکراوە بەگوێرەی توانای خۆی ئەوا دووبارەکردنەوەی لەسەر نییە، لەبەر ئایەتی: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾[٣١].

---

[٣٠] : مجموع الفتاوى (٢١/٢٢٤).

[٣١] : مجموع فتاوى ابن تيمية (٢١/٦٣٣)، الفواكه الدواني (١/٤٨٥)، الشرح الممتع (٢/٢٦٢-٢٨٦).

ئەگەر لەسەر پشت نوێژی کرد و دەشیتوانی لەسەر لا نوێژەکەی بکات، ئەوا رووکەشی وتەی پێشەوا ئەحمەد ئەوەیە کە نوێژەکەی صەحیحە، چونکە ئەوەش جۆرێکە لە رووکردنە قیبلە، هەروەها هەر لەخۆیشیەوە گێڕدراوەتەوە کە نوێژەکەی صەحیح نییە کە ئەوە حاڵەتی بێت، و الموفق ابن قدامە ئەمەیانی پەسەند کردووە و پشتگیری ئەم بۆچونەیانە، چونکە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری کردووە ﷺ کە دەفەرموێت: " فَعَلَى جَنْبٍ " وە لەبەر ئەوەی گواستنەوەی بۆ راکشان لەسەر پشت لەکاتی نەتوانینی نوێژکردنی لەسەر لا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروست نییە بۆی لەسەر پشت بکەوێت ئەگەر توانی بە راکشانەوە لەسەر لا نوێژەکەی بکات، و بەمەش رووکردنە قیبلەی واز لێ هێنا و دەشتی توانی رووبکاتە قیبلە[٣٢].

پلەی چوارەم: ئەوەیە کە نەخۆشەکە توانای لەسەرلاکەوتنیشی نەبێت، جا لەم حاڵەتەدا لەسەر پشت ڕادەکشێت و نوێژەکەی دەکات و قاچەکانی بەڕووی قیبلەدا درێژدەکاتەوە چونکە ئەوەش جۆرێکە لە رووکردنە قیبلە و ئەم شێوازەش نزیکترین شێوەیە لە حاڵەتی ڕاوەستانەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەستێت بەو حاڵەتەوە ئەوا قیبلە لەپێشی دەبێت، و لەبەر فەرموودەکەی عەلی رضي الله عنه کە تێیدا هاتووە: " فإنْ لَمْ يستَطِعْ صَلِّى مُسْتَلْقِيًا

---

[٣٢] : المغني (٢/٥٧٤)، الإنصاف (٢/٣٠٦)، كشاف القناع (٣/٢٥١).

وَرِجْلاَهُ إِلَى القِبْلَةِ "[٣٣] واتە: ئەگەر نەیتوانی ئەوا لەسەر پشت نوێژەكەی دەكات و قاچەكانی ڕوودەكاتە قیبلە. هەروەها لە ابن عومەریشەوە رضي الله عنه هاتووە كە دەڵێت: " نەخۆشی بێ توانا لەسەر پشت نوێژەكەی دەكات و قاچەكانی ڕوودەكاتە قیبلە "[٣٤].

چاكتر وایە هەندێك سەری بەرز بكاتەوە ئەگەر توانی بۆ ئەوەی ڕوولە قیبلە بكات و بتوانێت ئاماژە بكات، و ئەگەریش نەیتوانی قاچەكانی ڕوو لە قیبلە بكات ئەوا بەهەر شێوەیەك پێی دەكرێت و بۆی ئاسانە وەها نوێژەكەی دەكات و دووبارەكردنەوەشی لەسەر نییە و كەمێك ئاماژە بەسەری دەكات بۆ ركوع و سوجدە وەكو باسكرا.

ئەگەریش نەیتوانی ئاماژە بەسەری بكات، ئەوا زانایان لەم حاڵەتەدا سێ وتەیان هەیە:

یەكەم: بەچاوی ئاماژە دەكات و بەدڵ نیەتی ئەوەی هەیە كە ئاماژەی بۆ دەكات، و كەمێك چاوی دادەخات وەكو ئاماژەیەك بۆ ركوع و

---

[٣٣] : أخرجه الدارقطني (٥٧٤/٢)، من طريق حسن بن حسين العرني، حدثنا حسين بن يزيد، عن جعفر بن محمد، عن ابيه، عن على بن حسين، عن الحسين بن علي، عن أبيه علي رضي الله عنه مرفوعاً، والبيهقي (٣٠٧/٢) من حديث الحسين بن علي لم يتجاوزه، قال الذهبي في المهذب (٧٤٦/٢) ( هذا إسناده ساقط، رواه الدارقطني، حسن: واهٍ، و شيخه: منكر الحديث).

[٣٤] : رواه عبدالرزاق (٤٧٤/٢)، و من طريقه ابن المنذر في الأوسط (٣٧٨/٤)، والدارقطني (٤٣/٢)، والبيهقي (٣٠٨/٢).

دواتر چاوەکانی دەکاتەوە وەکو ئاماژەیەك بۆ هەستانەوە لە رکوع و ئەگەریش نیەتی سوجدەی هەبوو ئەوا چاوەکانی زیاتر دادەخات لەوەی رکوع، و ئەمەش وتەی زۆرینەی زانایانە لە شافعی ومالیکی و حەنبەلیەکان[٣٥]، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی عەلی رضي الله عنه کە پێشتر باسی کرا کە تێیدا هاتووە: " فإنْ لَمْ يستَطِعْ، أَومَأَ بِطَرَفِهِ "[٣٦] واتە ئەگەر نەیتوانی بە چاوی ئاماژە دەکات، بەڵام فەرموودەکە لاوازە.

هۆکاری نوێژکردنی ئەو کەسە لەو حاڵەتەدا و بەو شێوەیە ئەوەیە کە کرۆکی نوێژکردن بریتیە لە ئامادەیی عەقڵ و بوونی هەست و ژیری و ئاگایی، جا بۆیە ئەم کەسەش مادام عەقڵی ماوە و ئامادەیە ئەوا تەکلیفی لەسەر ناکەوێت، بەڵام ئەوەندەی دەتوانێت ئەنجامی دەدات.

وتەی دووەم: ئەگەر تەنانەت نەیتوانی بە سەری ئاماژەش بکات ئەوا نوێژی لەسەر دەکەوێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت پێی هەستێت، و

---

[٣٥] : التعليق الكبير (٣٠٦/٢)، البيان للعمراني (٤٤٦/٢)، الفواكه الدواني (٢٨٤/١)، الإنصاف (٣٠٨/٢).

[٣٦] : هذه الجملة عزاها ابن مجّى في ( الممتع في شرح الممتع) (٥٩٣/١) إلى حديث علي رضي الله عنه المتقدم ولم اجدها في سن الدارقطني، ولا في سنن البيهقي، وعزاها القاضي ابو يعلى في ( التعليق الكبير) (٣٠٧/٢-٣٠٨) ثم البهوتي في (الروض المربع) (٣٧٠/٢) لزكريا الساجي بسنده، لكن قال ابن مفلح في الفروع(٧٠/٣): (ليس فيه: (( وأومأ بطرفه)) وإسناده ضعيف)، وقال الحافظ في التلخيص (٦٤٠/٢): ذكر الإيماء لا وجود له في هذا الحديث مع ضعفه، وضعفه الألباني في الإرواء ، برقم (٥٥٨) وفي أصل صفة الصلاة (٩٣/١) وقال : فلا يعتمد على هذا الحديث ولا يحتج به .

لەسەری نییە بە چاوی ئاماژە بکات بۆ پایەکانی نوێژ، و نوێژکردن لەسەرلا لەگەڵ ئاماژەدا دواهەمین پلەی واجبە، و ئەمەش ریوایەتێکە لە ئەحمەدەوە و وتەی حەنەفیەکانیشە و پەسەندکراوی ابن تەیمیە و شێخ عبدالرحمن السعدیە، شیخ الإسلام ابن تیمیە دەڵێت: " ئەم بۆچونە راسترینە کە لەگەڵ بەڵگەدا یەکبگرێتەوە و هاوتا بێت، چونکە ئاماژە کردن بە چاو لەکردارەکانی نوێژ نییە، و ناتوانرێت بەهۆیەوە جیاکاری بکرێت لەنێوان رکوع و سوجدە و هەستان و دانیشتندا، و بەڵکو ئەوە جۆرێکە لە کرداری پووچ کە خوای میهرەبان نەیشەرعاندووە، بەڵام ئاماژەکردن بەسەر بریتیە لە نزمکردنەوەی، و ئەمەش هەندێکە لەوەی کە خوا فەرمانی پێکردووە بۆ نوێژخوێن "[٣٧].

وتەی سێ یەم: ئەگەر نەیتوانی بەسەری ئاماژە بکات ئەوا کردارەکانی نوێژی لەسەر دەکەوێت لەبەر نەتوانین، بەڵام گوفتارەکانی نوێژی لەسەر ناکەوێت و دەیڵێت بە دەمی چونکە دەتوانێت، و خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾. بەم شێوەیەش بەدڵ نیەتی ئەو پایەیەی نوێژی هەیە و الله أکبر دەکات و قورئان دەخوێنێت، پاشان نیەتی رکوعی هەیە و الله أکبر دەکات و تەسبیحات دەکات و پاشان نیەتی

[٣٧]: مجموع الفتاوى (٧٢/٢٣)، شرح فتح القدير (٥/٢)، المختارات الجلية ص (٤٦).

هەستانەوە لە رکوعی هەیە و دەڵێت: سمع الله لمن حمده..... بەو شێوەیە هەتا کۆتایی، و ئەمەش وتەی پەسەند کراوی شێخ ابن باز و ابن عوسەیمینە.

بەڵام وتەی زانایان بەگشتی کە دەڵێن ئاماژە بە پەنجەی دەکات ئەمەیان هیچ بنچینەیەکی نییە لە سوننەتدا، و ئەوەندەی بزانم هیچ یەکێکیش لە زانایان بۆچونی وەهای نەبووە و نەوتووە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە هەندێك لەکتێبەکانی زانایانی دوایینی مەزهەبی مالیکیەکاندا هاتووە کە دەڵێن: نەخۆش ئەگەر نەیتوانی ئاماژە بە چاوی بکات ئەوا بە پەنجە ئاماژە دەکات، خواش زاناترە[٣٨].

* * * * * *

[٣٨] : الإنصاف (٣٠٨/٢)، حاشية العدوي (٣٠٨/١) ،الفواكه الدواني (٢٨٥/١)، الشرح الممتع (٣٣١/٤)، فتاوى الشيخ ابن باز (٢٤٢/١٢-٢٤٣)، فتاوى الشيخ ابن عثيمين (٢٢٩/١٥).

# حوكمەكانی

# نوێژکردن لەسەر کورسی

**سێ باس لە خۆ دەگرێت:**

- **باسی یەکەم: چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی فەرز لەسەر کورسی.**
- **باسی دووەم: چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی سوننەت لەسەر کورسی.**
- **باسی سێ یەم: چۆنێتی دانانی کورسی لەناو ڕیزدا.**

# باسی یەکەم

## چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی فەرز لەسەر کورسی

ئەگەر نەخۆش نەیتوانی بەپێوە بوەستێت و سوجدە ببات، و ئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژ بکات دەیتوانی سوجدە لەسەر زەوی ببات، ئایا ئەم کەسە نوێژ لەسەر کورسی دەکات یاخود لەسەر زەوی و سوجدە ببات؟

ئەوەی دیار و ئاشکرایە – خواش زاناترە – ئەوەیە کە لەسەر زەوی نوێژ دەکات و سوجدە دەبات، ئەوەش لەبەر ئەوەی پایەی سوجدە لەنوێژدا باشترە لە پایەی وەستان لەچەند روویەکەوە:

١. لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ »[٣٩] واتە: لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە، کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: نزیکترین جێگە و حاڵەت کە بەندە لە پەروەردگاریەوە نزیک بێت، ئەو کاتەیە کە لە سوجدەدا بێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ لە حاڵەتی سوجدەدا نزیکترە لە خوای پەروەردگارەوە بە بەراورد بە پایەکانی تری نوێژ، و دەقێکی راشکاویشە سەبارەت بە فەزڵی سوجدە بەسەر پایەکانی ترەوە لەبەر فەزڵی دوعا تێیدا.

---

[٣٩] :رواه مسلم (٤٨٢)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

**٢. سوجدە خۆی بە تەنها عیبادەتێكی سەربەخۆیە، بەڵام ڕاوەستان خۆی تەنها عیبادەت نییە مەگەر نیەتی لەگەڵدا بێت.**

**٣. سوجدە ئەو پایەی نوێژە كە هەرگیز لاناچێت و لەسەر كەس ناكەوێت، بەپێچەوانەی وەستانەوە كە لە نوێژی سوننەتدا ئەتوانرێت نەكرێت، و هەروەها لەكاتی نوێژكردن بەسەر ولاخەوە لە سەفەردا، و بۆ نەخۆشیش لەنوێژی فەرزدا[٤٠].**

**بەڵام ئەگەر نەخۆش نەیتوانی لەسەر زەوی سوجدە ببات ئەوا لەسەر كورسی نوێژ دەكات، و نوێژكردنیشی لەسەر كورسی باشتر و لەپێشترە لە نوێژكردنی لەسەر زەوی لەم حاڵەتەدا، لەبەر ئەوەی نزیكترە لە ڕاوەستانەوە بەهۆی دانانی قاچەكانیەوە.**

**لێرەدا ڕێسایەك هەیە كە ئەمەیە: لە بنچینەدا ئەو كەسەی كە نوێژ لەسەر كورسی دەكات دەبێت ئەوانەی دەیتوانێت ئەنجامی بدات ئەگەر بە راوەستانەوە نوێژی بكردایە لە ركوع و سوجدە، و بۆی نییە هیچ شتێك لە چۆنێتی نوێژ وازلێ بهێنێت مادام دەتوانێت پێی هەستێت، ئیتر لەسەرەتای نوێژەكەوە بێت یاخود لەمیانەی نوێژەكەدا وە یان لە كۆتاییەوە بێت، لەبەر فەرموودەی: " إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم " . وە هەروەها یەكێك**

---

[٤٠] : مجموع فتاوى ابن تيمية (٢٣/٧١).

لە ڕێسا فیقهیەكانیش ئەوەیە كە دەڵێت: " شتی ئاسانكراو لەسەر كەس لاناچێت بە شتی قورس " ، جا ئەوەی كەسەكە دەتوانێت ئەنجامی بدات ئەوا سووك و ئاسانە بۆی و لەسەری لاناچێت بۆ شتێك كە ئەنجامدانی قورس و ناڕەحەت بێت بۆی، بەمەش ئەوە روون دەبێتەوە ئەوەی كە هەندێك كەس دەیكەن لە نوێژكردن لەسەر كورسی بەشێوەیەك كە هەر لەسەرەتای نوێژەكەوە دادەنیشێت هەتا كۆتایی نوێژەكە و دەشتوانێت هەندێك لەپایە و واجباتەكانی نوێژ جێ بەجێ بكات بەبێ دانیشتن، بەمەش لەم كاتەدا ئەو دانیشتنەی ناتەواوی و كەموكوڕی دەخاتە ناو نوێژەكەیەوە.

جا لە ژێر رۆشنایی ئەوەی سەرەوە كە باس كرا نوێژخوێنی سەركورسی ئەگەر توانی لەكاتی وتنی تەكبیرەی ئیحرامدا (یەكەم الله أكبری دەست پێكردنی نوێژ) بەپێوە بێت پێش ئەوەی دابنیشێت، ئەوا واجب دەبێت لەسەری كە بە ڕاوەستانەوە بیڵێت و ئەمەش بە یەكدەنگی زانایان، لەبەر ئەو فەرموودەیەی كە كەسێك هەڵەی كرد لە نوێژەكەیدا و پێغەمبەری خوایش ﷺ پێی فەرموو: " إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاَةِ فَكَبِّرْ "[41] واتە: كاتێ كە هەستای بۆ نوێژ نیەت بێنەو(الله أكبر) بكە. جا لێرەدا

[41] : رواه البخاري (٦٢٥١) و مسلم (٣٩٧) من حديث أبي هريرة رضي الله عنه .

تەکبیرەکەی لەکاتی راوەستاندا بۆ باس کرد و پێی راگەیاند، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە راوەستان لەپێشترە لە تەکبیرەکردن.

هەروەها پایەی بەپێوە وەستان لە نوێژدا فەرزە مەگەر بۆ کەسێك نەتوانێت، و ئەم حوکمەش یەکدەنگی زانایانی لەسەرە و گێڕدراوەتەوە، وەکو ابن عبدالبر دەڵێت: " زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە پایەی راوەستان لە نوێژی فەرزدا فەرزە و سەرپشکبوونی تێدا نییە "[42]. و هەروەها الموفق ابن قدامە دەڵێت: " زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە هەرکەس نەیتوانی بەپێوە نوێژ بکات ئەوا بۆی هەیە بە دانیشتنەوە نوێژەکەی بکات "[43]، جا بۆیە ئەگەر هاتوو تەکبیرەی ئیحرامی کرد لەپاش ئەوەی لەسەر کورسی دانیشت و دەشیتوانی بەپێوە بیکات ئەوا نوێژەکەی دانەمەزراوە، و بەداخەوە ئەوەشی دەبینرێت لە شوێناندا ئەوەیە کە زۆرێك لەوانەی لەسەر کورسی نوێژ دەکەن دەتوانن بەراوەستانەوە تەکبیرە بکەن، کەچی بەدانیشتنەوە دەیلێن، تەنانەت دەبینی هی وایان هەیە ئەوەندە وزەی هەیە وچالاکە دەتوانێت ڕێ بکات و لەتوانایدا هەیە بەپێوە سورەتی فاتیحە بخوێنێت.

---

[42] : التمهيد (١/١٣٣).

[43] : المغني (٢/٥٧٠).

بەمەش ئەوە روون دەبێتەوە كە هەندێك لەوانەی كـە بـەپێ دێـن بـۆ مزگەوت و تەنانەت كورسیەكەشی هەڵگرتووە، یـان لـە هـەردوو حـەرەمی مەككی و مەدەنیدا لەشوێنێكی دووریشەوە بە كورسیەكەیەوە دێـت بـەپێ، پاشان هەر لەسەرەتای نوێژەكەیەوە دادەنیشێت، جا با ئەوە بزانرێت كـە ئـەم كارە كاریگەری ناتەواو لەسەر نوێژەكەی دروست دەكات.

جا ئەگەر تەكبیرەی ئیحرامی كرد و دەیتوانی بەراوەسـتانەوە فاتیحـە بخوێنێت ئەوا دەیخوێنێت و دانانیشێت، و ئەگەر ماندوو بوو (یان ئـازاری بـۆ دروست بوو) ئەوا دادەنیشێت و خوێندنەكەی تەواو دەكات، لەبـەر گـشتێتی مانای ئایەتی: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ و فـەرموودەی: " إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم " ، لەبەر ئەوەش ئەگەر دانیشتن لـە نوێـژی سـوننەتدا بەبێ عوزر دروست بێت ئـەوا دروسـتێتی لـە نوێـژی فـەرزدا بـە عـوزرەوە بێگومان دروست و رێگەپێدراوە[٤٤].

جا ئەگەر نەیتوانی بەپێوە بوەستێت ئەوا لەسەر كورستی دادەنیشێت و تەكبیرەی ئیحرام دەكات، وپاشان دەستی راستی دەخاتە سەر دەستی چەپی، و بۆیشی هەیە دەستی چەپی بەدەستی راستی بگرێت و دواتر لەسەر سـنگی دای بنێت یان لەسەر نـاوكی یـان لـە ژێـری و ئەمـەش فراوانـی تێدایـە و

[٤٤] : شرح صحيح مسلم للنووي (٥/٢٥٦)، البحر المحيط الثجاج (١٥/٤٢٨).

ئاساییە هەر جۆرێك بێت لەوانە(*)، بەڵام ئەوەی کە هەندێك لە نوێژخوێنانی سەر کورسی ئەنجامی دەدەن لە دانانی دەستیان لەسەر ڕانیان یان لەنێوان ڕانیان ئەمەیان پێچەوانەی سوننەتە، چونکە دەستگرتن بۆ نوێژخوێنی سەر کورسی سوننەتە، و هەروەکو دەستگرتن وەهایە بە ڕاوەستانەوە، چونکە دانیشتن لەبری ڕاوەستانە بۆی، و دانراو حوکمی لەجێ دانراو وەردەگرێت[٤٥]، وەکو چۆن دەستگرتن بۆ ڕاوەستاو مەشروعە بەهەمان شێوەش بۆ کەسی دانیشتوو.

پاشان نوێژخوێنی سەر کورسی ئەصل وایە کە قاچەکانی لەسەر زەوی دابنێت، چونکە وەکو وتمان دانیشتنەکەی حوکمی ڕاوەستانی هەیە، نابێت قاچ لەسەر قاچەکەی تری دابنێت، و زانایان دەقیان هەیە لەسەر ئەوەی کە کەسێك بەبێ عوزر لەسەر یەك قاچ بوەستێت لەنوێژدا مەکروهە، بەڵام نوێژەکەی تەواوە لەسەر رووکەشی قسەی زۆرینەی زانایان[٤٦].

---

(*) ئەمە وتەیەکی نازانستی و بێ بنەوایە و هیچ بەڵگەیەکی (صحیح) پاڵپشتی ناکات ، بۆیە بۆ زانینی ووتەی هەڵبژاردە و دروست بڕوانە پەرتوکی (صفة صلاة النبي صلى الله عليه وسلم) لە نوسینی پێشەوا ئەلبانی ، لە پرس و باسی دانانی دەستی ڕاست لەسەر چەپ و شوێنەکەی لە کاتی نوێژکردندا . خوای پەروەردگاریش زاناترە . (عدنان بارام کەلاری)

[٤٥] : دانراو (دانیشتنە) و لەجێ دانراویش (ڕاوەستانە) واتە دانیشتن حوکمی ڕاوەستان وەردەگرێت. ( البدل يأخذ حكم المبدل منه). وەرگێڕ.

[٤٦] : المجموع (٣/٢٦٦)، الإنصاف (٢/١١١)، كشاف القناع (٢/٤٤٦).

پاشـــان دەســـتەكانی بـــەرز دەكاتـــەوە و الله أكـــبر دەكـــات و هـــەر بەدانیـــشتنەوە ركـــوع دەبـــات، و بەســـەری ئامـــاژە دەكـــات، و بەدەســـتەكانی ئەژنۆكانی دەگرێت و كە سەریشی بەرز دەكاتەوە لە ركوع دەسـتەكانی بـەرز دەكاتەوە و پاشان لەسەر سنگی دایان دەنێت یان لە ژێر نـاوكی وەكـو بـاس كرا(*)، و ئەگـەریش تـوانی هەسـتێت و ركـوع ببـات ئـەوا واجـب دەبێـت لەسەری وەكو باس كرا، پاشـان لەسـەر كورسـیەكە دادەنیـشێت و بەسـەری ئاماژە دەكات بۆ سوجدە، و ئەگەر توانی لەسـەر زەوی سـوجدە ببـات ئـەوا دەیبـات و بـۆ دانیـشتنی نێـوان دوو سـوجدەكەش هەڵدەسـتێت بـۆ سـەر كورسیەكە و دادەنیشێت، بەڵام ئەگەر نەیتوانی لەسـەر زەوی سـوجدە ببـات یاخود توانی بەڵام هەستانی لەسەر قـورس و نارەحـەت بـوو ئـەوا لەسـەری دەكەوێت و تەنها لەسەر كورسیەكەیەوە بەسەر ئاماژە بـۆ سـوجدە دەكـات و كەمێك نزمتر دەبێت لە ئاماژە كردنەكەی بۆ ركوع، بۆ ئـەوەی ئامـاژەكردنی بۆ ركوع و سوجدە جیاواز بێت و هاوشێوە نـەبێت، و دەستەكانیـشی لەسـەر ئەژنۆكانی دادەنێت، و ئەوەی كە هەندێك خەڵكی دەیكەن لەوەی كە لەكاتی

---

(*)(*) ئەمە وتەیەكی نازانستی و بیٚ بنەوایە و هیچ بەڵگەیەكی (صحیح) پاڵپشتی ناكات ، بۆیە بۆ زانینی ووتەی هەڵبژاردە و دروست بڕوانە پەرتوكی (صفة صلاة النبي صلى الله عليه وسلم) لە نوسینی پێشەوا ئەلبانی ، لە پرس و باسی دانانی دەستی ڕاست لەسەر چەپ و شوێنەكەی لە كاتی نوێژكردندا . خوای پەروەردگاریش زاناترە . (عدنان بارام كەلاری)

سوجدەدا دەستەکانی دەکاتەوە و ناولەپی روو لەزەوی دەکات لەپێشیەوە لە هەوادا ئەمەیان وا نازانم هیچ بنەمایەکی لە سوننەتدا هەبێت.

پاشان بۆ دانیشتن لەنێوان هەردوو سوجدەکەدا دەستەکانی بەکراوەیی دەخاتە سەر ڕانەکانی یان ئەژنۆکانی و دوای ئەوە سوجدەی دووەم دەبات وەکو ئەوەی یەکەم.

دواتر کە دادەنیشێت بۆ تەحیات، دەستی چەپی دەکاتەوە و دەیخاتە سەر ئەژنۆی، و بەدەستی راستیشی بەهەریەك لە سەرەپەنجەی ناوەڕاستی و پەنجە گەورەی بازنەیەك دروست دەکات و بە پەنجەی شایەتومانیشی ئاماژە دەکات و پەنجەکانی تریشی دەنوشتێنێتەوە، و بەم شێوەیە نوێژەکەی تەواو دەکات، و ئەم کەسە بەم شێوازەی لەنوێژدا پاداشتی تەواو و بێ کەموکورتی دەستدەکەوێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا مَرِضَ العَبْدُ، أَوْ سَافَرَ، كُتِبَ لَهُ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ مُقِيمًا صَحِيحًا»[٤٧] واتە: ئەگەر بەندە نەخۆش کەوت یان سەفەری کرد، ئەوا هەر پاداشتی کردەوەکانی بۆ دەنووسرێت وەکو ئەوەی کە ئەنجامی دەدا لەکاتی لەشساغی و شوێنی خۆیدا. ئەمەش – خوا زاناترە – لەبەر نیەتەکەی بۆ کردەوەی چاك و نەتوانینی لەبەر عوزر، و ئەوەشی توانیویەتی ئەنجامی داوە، بۆیە وەکو

[٤٧]: رواه البخاري (٢٩٩٦) من حديث أبي موسى رضي الله عنه .

ئەنجامــدەری كــردەوە وەهایــە[٤٨]. شــێخ عبــدالرحمن الــسعدی لەســەر ئــەم فەرموودەیە دەڵێت: " ئەمە لە گـەورەترینی نیعمەتـەكانی خـوای گەورەیـە بەسەر باوەڕدارانەوە، بەوەی كە كردەوەكانیان بۆ بەردەوام دەكـات و هـەژماری دەكات بۆیان ئەگەر هاتوو نەخۆشی و سەفەر بوە هۆی پچڕانیان، بەتەواوەتی بۆیان دەنووسێت.... و ئەوەش دەچێتە ناو ئـەم فەرموودەیـەوە ئەگـەر هـاتوو هەركەس عیبادەتێكی ئەنجام دا بەشێوەیەكی ناتەواو لەبـەر نـەتوانین، ئـەوا خوای میهرەبان بۆی تەواو دەكات لەبەر نیەتەكەی چونكە ئەگەر بیتوانیایـە بەتەواوەتی ئەنجامی دەدا، لەبەر ئەوەی نەتوانین لەئەنجامـدانی عیبادەتـەكان بەتەواوەتی جۆرێكە لە نەخۆشی و عوزر، خواش زاناترە. "[٤٩].

* * * * * *

[٤٨]: مجموع فتاوى ابن تيمية (٢٣/٢٣٦).

[٤٩]: بهجة قلوب الأبرار ص(١٠٩).

## باسی دووەم

## چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی سوننەت لەسەر کورسی

هەندێك نوێژخوێن نوێـژە سـوننەتەکەیان لەسـەر کورسـی دەکـەن و دەشتوانن بەراوەستانەوە ئەنجامی بدەن، ئەم دیاردەیەش بـەزۆری لـە هـەردوو حەرەمدا دەبینرێت لە رەمەزان و بەدرێژایی سالێش بـەوەی کـە کەسـانێکت پێش چاو دەکەوێت بەسەر کورسیەوە نوێژەکەیان دەکەن لەکاتێکـدا دەتـوانن بە پێوە بوەستن و نوێژ بکەن.

جا کردنی نوێژی سوننەت لەسەر کورسـی لەلایـەن کەسـێکەوە کـە توانای وەستانیشی هەبێت ئەوا نوێژەکەی دروستە ، ئـیتر بـە تـەنها بیکـات یان لەپیشت ئیمامەوە، و یەکدەنگی زانایانیش لەسـەر ئەمـە گێردراوەتـەوە لەلایەن چەندین زاناوە، وەکـو ابـن عبـدالبر دەڵێـت: " زانایـان یەکـدەنگن لەسەر ئەوەی وەستان لەنوێژدا فەرزە و سەرپـشك بـوونی تێـدا نییـە، بـەڵام نوێژی سوننەت خاوەنەکەی سەرپشکە لەنێوان راوەستان و دانیـشتندا "[٥٠]. و هەروەها الموفق ابن قدامە دەڵێت: " هیچ راجیاوازیـەك نـازانین کـە هـەبێت سەبارەت بە حـەڵاڵێتی ئەنجامـدانی نوێـژی سـوننەت بەدانیـشتنەوە، بـەڵام

---

[٥٠] : التمهيد (١/١٣٣).

بەراوەستانەوە باشترە "[٥١]، بەڵام ئەوەی تێدایە کە خاوەنەکەی نیوەی پاداشتی کەسی راوەستاوی دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر نوێژی سوننەتی بەدانیشتنەوە کرد و نیەتی ئەوەبوو کە ئەگەر بتوانێت بەراوەستانەوە بیکات ئەوا هەڵدەسێت ئەوا دیسان پاداشتی وەکو کەسی راوەستاو وەهایە و هەمان پاداشتی بۆ هەیە وەکو پێشتر باسی کرا[٥٢]، بەپێچەوانەی نوێژی فەرز لەسەر کورسی بۆ کەسێك کە توانای وەستانی هەبێت نوێژەی بەتاڵە — وەکو رابورد — ئەوەش لەبەر ئەوەی وەستان پایەیە لە نوێژی فەرزدا بەپێچەوانەی نوێژی سوننەتەوە.

جا روخصەت و رێگەپێدان هاتووە لە نوێژی سوننەتدا کە بەدانیشتنەوە بکرێت بەبێ عوزریش، لەبەر ئەوەی حوکمەکانی سوننەت فراوانتر و سوکترن لە فەرز، بۆیە لە نوێژدا وەکو نمونە دەبینی بەپێوە وەستان تێیدا واجب نییە، و هەروەها رووکردنە قیبلەش لەسەفەردا، و دروستیشە بەبێ عوزر بەسەر ئاژەڵەوە نوێژی سوننەت بکرێت و جگە لەمانەش[٥٣]. جا بۆیە چاوپۆشی و فراوانی زۆرتر کراوە لە سوننەتدا وەکو هاندانێك بۆی بۆ ئەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت لەلایەن خەڵکیەوە و بەئاسانی بچنە ناو ئەو

---

[٥١] : المغني (٢/٥٧٦).

[٥٢] : مختصر قيام الليل للمروزي ص(١٨٣ — ١٨٤).

[٥٣] : الأشباه و النظائر للسيوطي ص(٢٢٠)، المنثور في القواعد (٣/٢٧٧)، الشرح الممتع (٤/١٢٩).

نوێژەوە و زۆر ئەنجامی بدەن و درێژی بکەنەوە و لەسەریشی بەردەوام بن و وازی لێ نەهێنن، چونکە هەرشێك بەرتەسك کرایەوە کەم ئەنجام دەدرێت و هەرشتێکیش فراوانی تێدا بوو زۆرتر دەکرێت و سووکترە[٥٤].

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە – کە ئەو کات نەخۆشی مەبسور (مایەسەیری)ی هەبوو کە جۆرە نەخۆشیەکە تووشی پاشەوەی مرۆڤ دەبێت- دەڵێت: پرسیم لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی کەسێك بە دانیشتنەوە نوێژ بکات؟ ئەویش فەرمووی: «إِنْ صَلَّى قَائِمًا؛ فَهُوَ أَفْضَلُ، وَمَنْ صَلَّى قَاعِدًا؛ فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ القَائِمِ، وَمَنْ صَلَّى نَائِمًا، فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ القَاعِدِ»[٥٥]. واتە: ئەگەر بە پێوە نوێژ بکات ئەوە چاکترە، وە ئەوەی بە دانیشتنەوە نوێژ دەکات ئەوە نیوەی پاداشتی ئەو کەسەی هەیە کە بە پێوە نوێژ دەکات، وە ئەوەشی بە ڕاکشانەوە نوێژ دەکات ئەوە نیوەی ئەو کەسە پاداشتی بۆ هەیە کەبە دانیشتنەوە نوێژ دەکات.

عبدالله ی کوری عومەر رضي الله عنه دەڵێت: " بۆم گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " صلاة الرجلِ قاعداً نِصْفُ الصلاة ... "[٥٦]. پێشەوا تیرمیزی دوابەدوای گێڕانەوەی فەرموودەکەی عیمران رضي الله عنه

---

[٥٤] : التمهيد (١/١٣٢)، المغني (٢/٥٦٨)، الكافي (١/٣٥٥)، رياض الأفهام (٢/٥٢).

(٥٥)أخرجه البخاري (١١١٥) .

[٥٦] : رواه مسلم (٧٣٥).

دەڵێت: " مانای ئەم فەرموودەیە لای هەندێك لە زانایان مەبەست لێی نوێژی سوننەتە "[٥٧]. وە پێشەوا نەوەوی دەڵێت: " کەسی دانیشتوو لەنوێژی سوننەتدا نیوەی پاداشتی راوەستاوی بۆ هەیە، جا بۆیە نوێژەکە دروست و تەواوە بەڵام پاداشتەکەی ناتەواوە، و ئەم فەرموودەیەش نوێژی سوننەت دەگرێتەوە بۆ کەسێك کە بەدانیشتنەوە بیکات و توانای راوەستانیشی هەبێت، لەم کاتەدا نیوەی پاداشتەکەی بۆ هەژمار دەکرێت، خۆ ئەگەر بە عوزرەوە دانیشت لە سوننەتیشدا ئەوا پاداشتی کەم ناکات و هەروەکو راوەستاو وەهایە "[٥٨].

زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەن کە دروستە کەسێك هەندێك لە نوێژی سوننەت بەراوەستانەوە ئەنجام بدات و هەندێکیشی بەدانیشتنەوە، ئیتر نوێژەکەی بە راوەستانەوە دەست پێ کردبێت و دواتر دابنیشێت، یاخود بە دانیشتنەوە دەستی پێ کردبێت و دواتر هەستابێت، لەبەر بوونی چەندین فەرموودە لەوبارەیەوە لە پێغەمبەری خواوەﷺ، لە عائیشەوە رضي الله عنها کاتێك باسی نوێژی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات و دەڵێت: «وَكَانَ يُصَلِّي لَيْلًا طَوِيلًا قَائِمًا، وَلَيْلًا طَوِيلًا قَاعِدًا، وَكَانَ إِذَا قَرَأَ وهو قَائِمٌ؛ رَكَعَ و سجد وهو قَائِمٌ، وَإِذَا قَرَأَ قَاعِدًا؛ رَكَعَ وسجد وهو قَاعِدٌ»[٥٩].واتە: بەدرێژی شەو

---

[٥٧] : جامع الترمذي (١/٣٩٨)، وانظر: التمهيد (١/١٣٢).

[٥٨] : شرح صحيح مسلم (٥/٢٥٨).

(٥٩)أخرجه مسلم (٧٣٠).

بەپێوە نوێژی دەكرد، وە جاری واش هەبوو بەدرێژی شەو بە دانیشتنەوە نوێژی دەكرد، وە ئەگەر بە پێوە قورئانی بخوێندایە ئەوا بە پێوە ركوع وسوجدەیشی دەبرد، بەڵام ئەگەر بە دانیشتنەوە قورئانی بخوێندایە ئەوا بە دانیشتنیشەوە ركوع وسوجدەی دەبرد.

دیسانەوە لە عائیشەوە ﵂ دەڵێت: " مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقْرَأُ فِي شَيْءٍ مِنْ صَلَاةِ اللَّيْلِ جَالِسًا، حَتَّى إِذَا كَبِرَ قَرَأَ جَالِسًا، حَتَّى إِذَا بَقِيَ عَلَيْهِ مِنَ السُّورَةِ ثَلَاثُونَ أَوْ أَرْبَعُونَ آيَةً قَامَ فَقَرَأَهُنَّ، ثُمَّ رَكَعَ "[٦٠].

واتە: (عائشە) (﵂) دەڵێ: نەمدیوە پێغەمبەر(ﷺ) بەدانیشتنەوە قورئان بخوێنێ لەنوێژدا، هەتا بەساڵاچوو، كەبەساڵاچوو ئینجا بەدانیشتنەوە دەیخوێند، هەتا لەسوورەتێكا سی چل ئایەتی دەما ئینجا هەڵدەستایەوە بەپێوە دەیخوێند ، ئینجا ركوعی دەبرد.

وە پێشتریش باسی چۆنێتی دانیشتن لەسەر كورسی كرا، و لەم دوو فەرموودەیەشدا بەڵگەیە ئەوەی تێدایە كە هەركەس نوێژی سوننەتی بەدانیشتنەوە كرد یان لەسەر كورسی، ئەوا سەرپشكە لە چۆنێتی ركوع و سوجدەبردنەكەی بەوەی كە ئەگەر بەوەستانەوە قورئانەكەی خوێند ركوع و سوجدەكەشی بەو شێوەیە دەبات و ئەمەش باشترە، و ئەگەریش بەدانیشتنەوە

[٦٠]: رواه البخاري (١١١٨) و مسلم (٧٣١).

قورئانەكەی خوێند و هەندێك ئایەتی مایەوە هەتا تەواوی بكات دەتوانێت هەڵبسێت و دواتر ركوع وسوجدە ببات، وكەم كەسیش هەیە ئەمەیان جێ بەجێ بكات، و هەشە هەمووی بەدانیشتنەوە دەكات واتە قورئان خوێندن و ركوع وسوجدەكەش.

ئیسحاقی كوری مەنصور لە پرسیارەكانیدا لە ئەحمەد و ئیسحاق دەڵێت: " ئەگەر كەسێك بەدانیشتنەوە نوێژی كرد، ئایا ركوع بەدانیشتنەوە دەبات یان هەڵدەستێت و ركوع دەبات؟ دەڵێت: لەهەردوو حاڵەتەكەدا هەركامیان بكات هەر دروست و رێگەپێدراوە، ئیسحاقیش هەمان وەڵامی هەبوو"[٦١].

پێشەوا تیرمیزی دەڵێت: " وا پێدەچێت هەردووكیان ئەو دوو فەرموودەیەیان لا صەحیحە و كاریان پێ دەكرێت "[٦٢].

پێشەوا ابن حەجەر دەڵێت: " ئەو دوو فەرموودەیە پێكەوە كۆ دەكرێنەوە بەوەی هەركەس بەگوێرەی چالاكی خۆی و توانای لەشی هەریەكەیانی بوێت جێ بەجێی دەكات، خواش زاناترە "[٦٣].

---

[٦١]: المسائل (٢/٦٩٣) وانظر : مسائل ابن هانيء ص(١٠٧).

[٦٢]: الجامع (١/٤٠٠).

[٦٣]: فتح الباري (٣//٣٣) و صحيح ابن خزيمة (٢/٢٤٠).

## باسی سێ یەم

## چۆنێتی دانانی كورسی لەناو ڕیزدا

ئەم باسە پەیوەستە بە چۆنێتی دانانی كورسی لە كاتی نوێژی جەماعەتدا، بەڵام ئەگەر نوێژخوێنی سەر كورسی بەتەنها لەماڵەوە – لەبەر عوزر – نوێژی كرد و هەروەها ئافرەت ئەوا هیچ پەیوەندی بەم باسەوە نییە و تێیدا نەهاتووە.

جا باسی دانانی كورسی لە ڕیزی نوێژخوێناندا لە مزگەوت دوو بابەتی پێوە بەندە:

یەكەم: ڕێككردنی ڕیزی نوێژخوێنان كە دەقێكی زۆری لەسەر هاتووە كە بۆشاییەكانی پڕبكرێتەوە و ڕاست بێت، و دوا بەدوای یەكتریش بێت، واتە سەرەتا ریزی یەكەم تەواو بكرێت ئەوجا دەست بكرێت بە ریزی دووەم و بەو شێوەیە، بۆ ئەوەی ریزی نوێژخوێنان شێوازەكەی ڕێك و ڕاست بێت، و بەوەش كۆبونەوەكەیان لەسەر جوانترین شێوە دەبێت بەگوێرەی توانا، تەنانەت هەندێ لە زانایان وتویانە: ریك وڕاست بوونی ریزی نوێژخوێنان واجبە لەبەر ئەوەی فەرمان لەسەری هاتووە و ئەمەش وتەیەكی بەهێزە.

جا نوێژخوێنی سەر كورسی ئەشێ كەمێك لە دواوە بێت و بەمەش كاریگەری دەكاتە سەر ڕێك و ڕاست بوونی ڕیزەكە و بەیەك هێڵ نایەتە

پێش چاو، ئەمە لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئینکاری کرد لەو کەسەی کە سنگی دەرچوبوو لەریزی نوێژخوێناندا و فـەرمووی: «لَتُسَوُّنَّ صُفُوفَكُمْ، أَوْ لَيُخَالِفَنَّ اللهُ بَيْنَ وُجُوهِكُمْ»[٦٤]. واتە: ریزەکانتان رێك و راست دەکەن یـان خـوای گـەورە راجیـاوازی و دووبـەرەکی دەخاتـە نێوانتانـەوە و دەموچـاوتان دەگۆڕێت.

جا بۆیە ئەو کەسەی کەمێك لە دواوەیە لـە ریزەکـەدا بـەجۆرێك لـە جۆرەکان ئەم سیفەتەی تێدایە کە ناڕێکی دروست کردووە بۆ ڕیزەکە.

دووەم: کاریگەری نەکردنە سەر ئەو کەسەی لە پـشتی کورسـیەکەوە نوێژدەکات، واتە لەریزی دواوە ئەو کەسەی کە دەکەوێتـە پـشت کورسـیەکە شوێنی سوجدەبردنەکەی کەم دەبێتەوە لەبەر ئەوەی کورسیەکە هاتۆتە دواوە.

## جا کورسیەکانی نێو مزگەوتەکان دوو جۆرن:

یەکەم: کورسی سابت و جێگیر کە لە ریزی یەکەم یان ریزەکانی تردا دانراون.

دووەم: کورسی ناجێگیر و گەڕۆك، کە ئەمەشیان زۆرینەیە.

سەبارەت بە کورسیە سابت و جێگیرەکـان چـەندین کـاری نەشـیاو و

---

[٦٤]: أخرجه البخاري (٧١٧) و مسلم (٤٣٦).

قەدەغەکراوی شەرعیان تێدا بەدی دەکرێت، لەوانە:

١. ئەم کورسیانە ناگونجێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەر کورسی نوێژ دەکەن، بەڵکو تەنها گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە عوزرەکەیان بریتیە لەوەی کە ناتوانن رکوع و سوجدە ببەن بەپێوە بەڵام توانای وەستانیان هەیە، جا ئەم کەسەش لەرێکی ریزەکە دەوەستێت و ئەگەر لەسەر کورسیەکەش دابنیشێت لەدوابونی لەریزەکە هیچ زیانێکی بۆی نییە — وەکو باسی دێت - .

بەڵام ئەو کەسەی عوزرەکەی بریتیە لەوەی کە ناتوانێت بەپێوە بوەستێت بەشێوەیەك کە هەموو نوێژەکەی بە دانیشتنەوە دەکات، ئەمەشیان نوێژی لەسەر ناکات، چونکە ناتوانێت پارێزگاری لە رێك و راستبوونی ریزەکە بکات بە سنگ و قاچەکانی، لەبەرئەوەی بەدانیشتنی لەسەر کورسیەکە کەمێك دەچێتە دواوە لە نوێژخوێنەکەی تەنیشتی بەروپێش دەکەوێت و بەمەش لەکاتی دانیشتنەکەیدا ریزەکە تێك دەچێت.

٢. لەبنەڕەتدا مزگەوت بۆ هەموو خەڵکیە بە گشتی، و مافی هیچ کەسێکی تێدا نییە کە پێش بکەوێت مەگەر ئەو کەسانە نەبن کە زوو دێن بۆ مزگەوت، و ئەمانە مافی خۆیانە کەلە ریزی یەکەمدا بوەستن لەبەر زوو هاتنەکەیان، جا دانانی کورسی سابت بریتیە لە داگیرکردنی شوێنەکە بۆ

خاوەن کورسیەکە ئەگەرچی درەنگیش بێت بۆ مزگەوت، بەمەش پێچەوانەی بنچینە گشتیەکەیە کە ئاماژەی بۆ کرا لەسەرەتای ئەم خاڵەوە.

٣. نەپچڕانی ریزی نوێژخوێنان و تەواوکردنی و نزیک بوونی لە پێشنوێژەوە، هەموو ئەمانە لەشەرعدا داواکراون و دەبێت رەچاوبکرێن و پیادەبکرێن، چونکە بەڵگە لەسەریان زۆرە، لەوانە:

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: « تَقَدَّمُوا فَائْتَمُّوا بِى وَلْيَأْتَمَّ بِكُمْ مَنْ بَعْدَكُمْ وَلاَ يَزَالُ قَوْمٌ يَتَأَخَّرُونَ حَتَّى يُؤَخِّرَهُمُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ »[٦٥].

واتە: لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هاتووە، کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تەماشای کرد هەندێ لە هاوەڵانی کە خاوەن پلەوپایە بوون لەریزدا چوونەتەدواوە، فەرمووی: (وەرنە پێشەوە ئێوە پەیڕەوی من بکەن، وە با ئەوانەش کە لەدوای ئێوەوەن پەیڕەوی ئێوە بکەن، کۆمەڵێك بەردەوام هەر دوادەکەون، هەتا خوای گەورەش لەپاداشتدا دەیانخاتە دواوە).

هەروەها دەفەرموێت: " لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مَا فِي النِّدَاءِ وَالصَّفِّ الْأَوَّلِ، ثُمَّ لَمْ يَجِدُوا إِلَّا أَنْ يَسْتَهِمُوا عَلَيْهِ لَاسْتَهَمُوا "[٦٦] واتە: ئەگەر خەڵك

---

[٦٥]: رواه مسلم (٤٣٨) من حديث أبي سعيد الخدري رضي الله عنه .

[٦٦]: رواه البخاري (٦١٥) و مسلم (٤٣٧) من حديث أبي هريرة رضي الله عنه .

بیانزانیایە بانگو ریزی یەکەم چیان تێدایە، ئەگـەر دەسـت نەکەوتایـە بـە تیروپشك نەبێ، تیروپشکیان بۆدەکرد.

جا بۆیە بوونی ئەو جۆرە کورسیە جێگیرانە کاریگـەری دەکەنـە سـەر پێکەوەلکانی ریزەکان و هەروەها نزیکبوونیش لە ئیمامەکەوە، چـونکە ئـەو کەسـەی کـە زوو هـاتووە شـوێنەکەی خـۆی بـەجێ دەهێڵێـت بـۆ خـاوەنی کورسیەکە. ئەوەتا زانایانی پێشوو ئینکـاری ئـەوەیان کـردووە کـە کورسـی لەناو مزگەوتدا دابنرێت بۆ قورئان خوێن ئەگـەرهاتوو بەرتەسـکی شـوێنی نوێژخوێنانی کرد و رێگربوو لە پێکەوەلکانی ریزی نوێژخوێنان، ابن العماد الاقفهسي الشافعي دەڵێت: " دروسـت نییـە ئـەم کورسـیە گەورانـە لـەناو مزگەوتدا دابنرێن بۆ قورئان خوێندن لەسەریان لە پاش نوێـژەکان، چـونکە بەرتەسـکی شـوێنی نوێـژخوێنان دەکـات و رێگریـشە لـە پێکـەوەلکانی ریزەکان، بەڵام ئەگەر هاتوو دانران و لەپاش تەواوبوونی قورئان خوێندنەکـە هەڵگیران ئەوا ئاساییە و هیچی تێدا نییە "[٦٧].

بەڵام کورسـیە گەڕۆکـەکان کـە زۆربـەی کـەس بـەکاریان دەهێـنن، چۆنێتی دانانی لەریزدا وردەکاریەکی تێدایە، چـونکە ئـەو کەسـەی نوێـژی لەسەر دەکات لە دوو حاڵەت دەرناچێت:

---

[٦٧] : تسهيل المقاصد لزوار المساجد ص (٢٤٦). وانظر: نوازل المساجد ص (٨٢٣).

**حاڵەتی یەکەم: ئەوەیە کە عوزرەکەی بریتی بێت لەوەی کە ناتوانێت رکوع و سوجدە ببات لەسەر زەوی، بەڵام دەتوانێت بوەستێت.**

**حاڵەتی دووەم: ئەوەیە کە عوزرەکەی بریتی بێت لەوەی کە ناتوانێت بەپێوە بوەستێت و بەمەش هەموو نوێژەکەی بەدانیشتنەوە دەکات.**

**جا سەبارەت بە حاڵەتی یەکەم: کە عوزری نوێژخوێنی سەرکورسی ئەوەیە کە ناتوانێت رکوع و سوجدە ببات بەڵام دەتوانێت بەپێوەستێت، ئەمەیان لەسەریەتی لەڕێکی ریزەکە بوەستێت هەروەکو کەسێکی ساغ کە هەموو نوێژەکەی بەوەستانەوە دەکات، و بەمەش بۆی نییە کەمێك لەپێشەوە بێت لەئاست نوێژخوێنەکەی تەنیشتی لەکاتی راوەستاندا، بەڵام لەکاتی دانیشتندا لەسەر کورسی کەمێك لەدواوە دەبێت لەڕیزەکە، واتە قاچەکانی پێشەوەی کورسیەکە لەئاست قاچی نوێژخوێناندا بێت، و قاچەکانی دواوەی کورسیەکەش لەدوای ریزەکەوە دەبێت بۆ حاڵەتی رکوع و سوجدە و دانیشتن، دانانی کورسی بەم شێوازە بەمەرجێك رێگەپێدراوە کە کاریگەری نەکاتە سەر نوێژخوێنەکەی دواوەی و شوێنی لێ بەرتەسك نەکاتەوە ئیتر لەبەر بوونی دووری زۆری نێوان ریزەکان بێت یاخود نوێژخوێنی سەرکورسیەکە لە دواهەمین ریز بێت و ریزی تری لەپاش نەبێت و هاوشێوەی ئەمانە، بەڵام ئەگەر هاتوو دانانی کورسیەکە بەو شێوازەی کە باس کرا کاریگەری کردە**

سەر نوێژخوێنی دواوە لەبەر نزیکی ریزەکان لەیەکترەوە و شوێنی سوجدەی بۆ نەهێشتەوە ئەوا دروست نییە، چونکە زیان گەیاندن بەوانی تر بەبێ حەق لەرووی شەرعیەوە رێگەپێنەدراوە، لەبەر گشتێتی فەرموودەی: " لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ "[٦٨]، جا نەفی کردنی زەرەر واتە رەدکردنەوەی و دوورخستنەوەی پێش روودانی دەگرێتەوە و لابردنیشی پاش روودانی هەر دەگرێتەوە، بۆیە هەر کردارێك ببێتەهۆی زیان گەیاندن بەنارەوا ئەوا حەرامە، و هەرکەسیش مەبەستی زیان گەیاندن بێت بەوی تر ئەوا تاوانبارە لەسەر مەبەست و کارەکەی، بۆیە لەسەریەتی کورسیەکەی بباتە پێشەوە، و بەمەش قاچەکانی دواوەی کورسیەکە رێك لە ئاستی قاچی نوێژخوێناندا دەبێت لەو ریزەی کە خۆی نوێژی تێدا دەکات، و لەپێشبوونیشی بە جەستەی لەکاتی هەستاندا لەریزەکە هیچ زیانێکی بۆ نوێژەکەی نابێت، چونکە زەرەر گەیاندن بە نوێژخوێنی دواوەی لەکاتی دانانی کورسیەکە لەدواوە گەورەتر و خراپترە لە زەرەری لەدەستدانی رێکی ریزەکەی، جگە لەوەش نوێژکردنی بەرێکی لەریزەکەدا بەرژەوەندیە، بەڵام دانانی کورسی لەدواوە و زیان گەیاندن بەوی

---

[٦٨] : أخرجه مالك في الموطأ (٢/٧٤٥) والدارقطني (٤/٢٢٨) والحاكم (٢/٥٧) والبيهقي (٦/٦٩)، و هو حديث متكلم فيه، لكن له شواهد ولذا حسنه بعض العلماء. انظر: منحة العلام (٦/٤٧٢).

تر خراپەیە و ڕێسا شەرعیەکەش دەڵێت: " وەلانانی خراپە لەپێشترە لە هێنانی بەرژەوەندی "[٦٩].

وە هەروەها بۆیشی نییە ئەو کاتەی کەلەسەر کورسیەکەی دانیشتووە و ئازاری کەسی دوای خۆی داوە کاتێك بیەوێت لەسەر کورسیەکە رکوع و سوجدە ببات کورسیەکەی بکێشێتە پێشەوە و پاشان سوجدە ببات و کە هەستایش بیباتەوە شوێنی خۆی، چونکە ئەم جوڵەیە لە ڕەگەزی نوێژەکە نییە و بگرە لەبەرژەوەندی نوێژەکەشدا نییە، گوایە بۆ ئەوەیە کە زیان بەوانی تر نەگەیەنێت، جا پێشتر باسی ئەوە کرا کە دوورخستنەوەی زیانی زەرەرگەیاندن بەوانی تر بەوە بەدەست دێت کە کورسیەکە لەپێش دابنرێت و تەواو، بەبێ پەنابردن بۆ ئەنجام دانی جوڵەی بەردەوام لە هەموو رکاتێکدا و تێکدانی خشوعی خۆی و کەسانی تریش.

وە زانایان جیاکاری دەکەن لەنێوان جوڵەی کەم و زۆر ئەگەر لە ڕەگەزی نوێژ نەبێت، جگە لەوەش خشوع مەبەستە و ویستراوە لە نوێژدا و ئەصل تێیدا ئارامی و جووڵەنەکردنە[٧٠].

---

[٦٩] : الأشباه والنظائر للسبكي (١/١٠٥).

[٧٠] : أحكام الحركة في الصلاة ص (٦٤).

جا سەبارەت بە حاڵەتی دووەم: کە ئەوەبوو نوێژخوێنی سـەر کورسـی عوزری ئەوەیە کەناتوانێت بـەپێوە بوەسـتێت و بەمـەش هـەموو نوێژەکـەی لەسەر کورسی دەکات، بەمەش لەسەریەتی کە سنگ و قاچەکانی لەئاسـت نوێژخوێنانی تەنیشتیدا بێت لەراسـت وچـەپیدا، و کورسیەکەشـی هاوتـا و یەکسان بێت بەو ڕیـزەی کـە تێیـدا دەوەسـتێت و دەرچـوونی قاچەکانیـشی کەمێك بۆ پێشەوە و لەئاست ریزەکەدا هیچ زیانێکی نییە[٧١]، چونکە ئـەوەی لێی داواکراوە ئەوەیە کە حاڵەتی دانیشتنی و هەسـتانی هاوشـێوەی یەکـدی بێت، واتە قاچەکانی دواوەی کورسیەکە یەکسان بێـت و لەتەنیـشتی قاچـی نوێژخوێنانی ریزەکەی خۆیدا بێت و بەم کردارەش هیچ زیـانێکی نابێـت بـۆ نوێژخوێنی دواوەی.

سەبارەت بە نوێژکردن لەسەر ئەو شتانەی کـە مـرۆڤ پـشتیان پێـوە دەنێت وەکو پشتی وپاڵشت و هاوشـێوەکانی کـە بـە زمـانی عـەرەبی پێـی دەوترێت (مُتّكأ) و لەریزی یەکەم دادەنرێت یان جگە لە ریزی یەکەم، ئەگەر پان و راخراو بێت بەشێوەیەك کە بتوانرێت بە ئاسوودەیی لەسـەر دابنیـشیت ئەوا وردەکاریەکی تێدایە، ئەگەر هاتوو عوزری دانیشتن لەسەری ئـەوە بێـت کە کەسەکە نەتوانێت رکوع و سوجدە ببات بەڵام بتوانێت بەپێوە بوەسـتێت،

[٧١]: احكام الحركة في الصلاة ص (٦٤).

ئەوا ئاساییە و دروستە لەسەری نوێژ بکات، چونکە لەهەستانیدا یەکسان و ڕێکە لەگەڵ ئەو ڕیزەی کە نوێژی تێدا دەکات و دواکەوتنیشی لە ڕیزەکە لەحاڵەتی دانیشتنیدا هیچ زیانێکی بۆ نابێت وەکو پێشتر باسی کرا.

بەڵام ئەگەر عوزری نوێژکردن لەسەر بریتی بێت لەوەی کە کەسەکە نەتوانێت بەپێوە بوەستێت ئەوا لەسەری دانانیشێت، چونکە بەدانیشتنی بەهۆی سنگ و قاچیەوە یەکسان و هاوتا نابێت لە ڕیزەکە لەگەڵ نوێژخوێنانی تەنیشتیدا بەدرێژایی نوێژەکە، بەمەش ڕێك وراستی ڕیزەکەی لەدەست دەردەچێت لەکاتی دانیشتنیدا، بۆیە لەسەریەتی لەسەر کورسی گەڕۆك نوێژەکەی بکات، و ئەگەر کورسی دەست نەکەوت ئەوجا لەسەر ئەو پاڵشت و پشتیانەی ناو مزگەوت دەیکات و لەوکاتەشدا ڕێك و ڕاست نەبوونی بەریزەکە زیانی بۆ نابێت چونکە دەستی نەکەوتووە و خواش تەکلیف لەبەندە ناکات بەوەی لەتوانایدا نەبێت.

بەڵام لەهەندێك لە مزگەوتەکاندا جۆرە کورسیەك بەرچاو دەکەون کە تایبەت کراون بۆ نوێژ بەشێوەیەکن کە لەکاتی هەستاندا خۆی دەبەسترێت دەچێتەوە یەك، ئەم جۆرەش ناگونجێت تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە لە کاتی وەستاندا بەپێوە دەبن و دەوەستن، و لەکاتی ڕکوع و سوجدەدا لەسەری دادەنیشن، بەڵام کەسانێك کە هەموو نوێژەکەیان بەدانیشتنەوە دەکەن ئەوا

**هیچ جیاوازیەکی بۆیان نییە ئەو جۆرە کورسیانە و کورسی ئاسایی، زیاد لەوەش پێویست دەکات بەدەست بیجولێنیت لەکاتی دانیشتن لەسەریان و بەم جولەیەش سەرقالیەك بۆ نوێژخوێنەکە دروست دەبێت و لەوانەشە کاریگەری بکاتە سەر ئەوەی تەنیشتی.**

✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻

# کۆتایی

## ڕێنمایی و ئاگاداری

لەپاش ئەوەی بەیارمەتی و هاوکاری خوای پەروەردگار کۆتاییمان بەباسی چۆنێتی نوێژ لەسەر کورسی و شێوازی دانانی کورسی لەناو ریزی نوێژخوێناندا تارادەیەك روون کردەوە، پێم باش بوو کە کۆتایی باس وبابەتەکە بە کۆمەڵێك ڕێنمایی و ئاگاداری بهێنم کە زانینیان و لەبەرچاوبوونیان پێویست و گرنگە، و لەهەمان کاتیشدا زۆربەی ئەوانەی لەسەر کورسی نوێژدەکەن بێ ئاگان لێیان و نایزانن، و منیش لەئەنجامی تێڕامان و پێش چاو کەوتنیان ئەوانەم بۆ دەرکەوتووە، و زۆربەشیان بەندن بە توانای خاوەن کورسیەوە، و کەسانی لەشساغیش سوپاس بۆ خوا کەمتەرخەم نین لە هاوکاری کردنی نوێژخوێنانی سەر کورسی و ئاسانکاری کردن بۆیان لەپێناو رێك وراست بوونی ریزی نوێژدا وپڕکردنەوەی بۆشایی ناوریز، و ئەمەش هاوکاریە لەپێناو خواپەرستیدا و لەکاری چاکەدا، و بێ شك ئەو کەسانەی کە یارمەتی یەکتر دەدەن لەچاکەدا خێر و چاکەیان بۆ دەنووسرێت، جا هەندێك لەو ڕێنمایی و ئاگاداریانە ئەمانەی خوارەوەیە:

١. نوێژخوێنی سەر کورسی شوکر وسوپاسی خوا دەکات لەسەر ئەوەی کە هێشتا توانیویەتی بێت بۆ مزگەوت و ئامادەی جەماعەت بێت، و

لەگەڵیان نوێژ بکات وەکو یەکێك لەوان، وەکو چۆن سوپاسی دەکات لەسەر ئەوەی کە بەو حاڵەشەوە کەلەسەر کورسی نوێژەکەی دەکات کەچی خوای میهرەبان پاداشتی تەواوی بۆ هەژمار دەکات و وەکو کەسێکی لەشساغ چاکەی بۆ دەنووسرێت و چاوپۆشی لێ دەکرێت لەسەر ئەو کەموکورتیانەی کە بەهۆی عوزر و نەخۆشیەکەیەوە لە ریز و نوێژدا ئەنجامی داوە، تەنانەت ئەگەر نەخۆش بەئاماژەش نوێژی کرد پاداشتی کەسێکی لەشساغی بۆ هەیە کەبەپێوە نوێژەکەی کردبێت، بۆیە شایەنی خۆیەتی کە هەردەم ئەو بیرەی لەناخ ومێشکدا بێت و ئەو نیعمەت وفەزڵەی خوای لەپێش چاو بێت کاتێك دەچێتەناو مزگەوت و لەسەر کورسی دادەنیشێت، و بۆ ساتێکیش ئەوە بە خەیاڵیدا نەیەت کە ئەم لەوانی تر پاداشتی کەمترە و بێبەش کراوە، چونکە شەرع ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە خراپ لەقەڵەم دەدات ئەگەر گومانی خراپ بردنیش نەبێت بەخوای خاوەن فەزڵ، لەکاتێکدا بەندە فەرمانی پێکراوە کە هەمیشە گومانی باش بە خوای خۆی ببات و ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

٢." يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي " واتە: خوای گەورە دەفەرمووێت: من لەگەڵ گومانی بەندەی خۆمم.

پێشەوا ابن القيم دەڵێت: واتە: " ئەوەی لە گومانیدایە من بکەری ئەوەم پێی ".

٣. پێویستە لەسەر موسڵمان کە سوور بێت لەسەر فێربوونی دین و ئەنجامدانی دینداریەکەی بەگوێرەی زانستی شەرعی ڕەسەنی وەرگیراو لە قورئان و سوننەت، و هەرگیز کەمتەرخەمی نەکات لە بردنی ئەو روخصەتانەی کە شەرع بۆی داناون و رێگەی پێ داوە، هاوکات نابێتیش زیادەڕەوی بکات تێیاندا بەشێوەیەك بۆ لای تەمبەڵی و لاوازی بڕوات، بۆیە نوێژخوێنی سەر کورسی نابێت وا تێبگات کەبەدانیشتنی لەسەر کورسی ئیتر هەموو جوڵە و پایەکانی نوێژی بۆ حەلاڵ کراوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەدانیشتنەوە، کە دەشتوانێت بەپێوە بوەستێت لەهەندێکیدا، بۆیە وەکو باس کرا، ئەگەر هەندێکی توانی و هەندێکی نەتوانی ئەوا ئەوەی کە دەیتوانێت وەکو خۆی ئەنجامی دەدات وەکو کەسێکی لەشساغ و تەنها ئەوەی نایتوانێت رێگەی پێدراوە بەدانیشتنەوە بیکات، ئەگینا نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە نوێژکردن لەسەر کورسی بۆ حاڵەتی پێویستی و ناچاری رێگەپێدراوە، و بەئەندازەی پێویست سوود لەکورسی دەبینرێت بۆ نوێژ نەوەك بەرەهایی، بۆیە نابێت کەمتەرخەمی بکرێت لەو بارەیەوە و ئەگەریش هەرشتێکی لا ڕوون نەبوو ئەوا لەکەسێکی شارەزا پرسیار دەکات.

٤. نوێــژخوێنی سەركورســی، كورســیەكەی لــەنزیك نوێــژخوێنانی راوەستاو دادەنێت و بەتەنیـشتیانەوە دەبێـت، بـۆ ئـەوەی لـەكاتی هەسـتانی ئەواندا بۆشایی لەناو ریزدا دروست نەبێت، جا ئایا نوێژخوێنان دەبێـت لـەو كەســە نزیـك بكەونــەوە یــان كەســەكە خــۆی كورسـیەكەی هــەڵبگرێت و بۆشاییەكە پڕبكاتەوە و لەوانەشە نەتوانێت ئـەو كـارە بكـات؟ لـە وەڵامــی ئەوەدا دەوترێت: پێویستە نوێـژخوێنانی لەشـساغ هاوكـاری یـەكتر بـن لـە پڕكردنــەوەی بۆشـاییەكانی نـاو ریزەكـە ئەگـەر نوێـژخوێنی سـەر كورسـی بۆشایی دروست كردبوو، ئەوەش یان بەپێشكەوتنی یـەكێك بـۆ پڕكردنــەوەی بۆشاییەكە، یـان بەجوڵـەپێكردنی ریزەكـە ئەگـەر بۆشـاییەكە درێژنـەبوو، یاخود بەیارمەتی دانی خاوەن كورسی بـۆ هـەڵگرتنی كورسـیەكەی، وەكـو كارپێكردنی ئەو رێسایەی كە دەڵێت: " هەر شتێكی واجب تـەواو نـەكرێت بە هاوكاری شتێكی تر نەبێت ئەوا ئەو شتەش بەهۆیەوە واجب دەبێت " بـۆ سوننەتیش بە هەمان شێوە[٧٢].

٥. نابێت جێگایەكی تایبەت بۆ كورسیەكەی لە مزگەوتدا دیـاری و دەستنیشان بكات، بەتایبەت ئەگەر نزیك پێشنوێژ بێت، مەگـەر خـۆی زوو بێت بۆ مزگەوت، بەڵام ئەگەر خۆی هەر خووی وەها بوو كە درەنـگ دەهـات

---

[٧٢] : الأشبه والنظائر للسبكي (٨٨/٢) ، شرح الكوكب المنير (٣٦٠/١).

بۆ مزگەوت ئەوا كورسیەكەی لەو شوێنە دادەنێت كە كۆتا ریز كۆتایی پێ دێت، چونكە نوێژخوێن خۆی فەرمانی پێكراوە كە زوو بێت بۆ مزگەوت و لەنزیكی ئیمامەوە بێت نەوەك كورسیەكەی یان دارەكەی یان گۆچانەكەی یان بەرماڵەكەی و فەزڵەكە بەوە بەدەست نایەت.

وە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت: " خەڵكی وا هەیە پێش ئەوەی خۆیان بڕۆن بۆ مزگەوت راخەرێك یان بەرماڵێك دەنێرن بۆ مزگەوت و شوێنێك لەپێشەوە و نزیك ئیمامەكە داگیر دەكەن بۆ خۆیان، ئەمەش نەهی لێكراوە بە یەكدەنگی هەموو موسڵمانان و بگرە حەرامیشە "، دوابەدوای ئەمەش باسی راجیاوازی زانایان دەكات دەربارەی دروستێتی و تەواوێتی نوێژی ئەو كەسە[٧٣]، پاشان بڕیار دەدات و دەڵێت: " صەحیح ئەوەیە ئەو راخەرەی كە دانراوە بۆ كەسێك هەڵبگیرێت و لەجێگاكەیدا نوێژبكرێت، چونكە ئەو كەسەی كە زووتر دەچێت بۆ مزگەوت شایستەترە كە نوێژ لەو شوێنەدا بكات و لەپێشەوە بێت، و جگە لەوە بەوەش فەرمانی پێكراوە و ناشتوانێت ئەو كارە ئەنجام بدات بەوە نەبێت كە ئەو راخەرە هەڵبگرێت و لایبدات، چونكە هەرشتێكی فەرمان پێكراوە كە نەتوانرێت تەواوبكرێت بەشتێكی تر نەبێت ئەوا ئەو شتەش دەبێتە فەرمان پێكراو، جگە لەوەش

[٧٣] : مجموع الفتاوى (٢٢/١٨٩).

دانانی ئەو راخەرە لەو شوێنەدا لەشێوەی داگیرکردندایە و ئەوەش مونکەرە... بەلاَم دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەو کارە سەرنەکێشێت بۆ مونکەر و خراپەیەکی لەوە گەورەتر. خواش زاناترە و سوپاس بۆ خوای تاك و تەنها "[٧٤].

هەروەها دەڵێت: " هیچ کەس بۆی نییە هیچ شتێك لە مزگەوت زەوت بکات بۆ خۆی نە بەرماڵ و نەڕاخەر و شتی تر، و هیچ کەسیش بۆی نییە بەبێ ئیزمی خاوەنەکەی نوێژی لەسەر بکات بەلاَم بۆی هەیە هەڵی بگرێت و لای بدات ولە شوێنەکەی نوێژ بکات لەسەر راستترین وتەی زانایان، خواش زاناترە "[٧٥].

٦. نوێژخوێنی سەر کورسی دەبێت سووربێت لەسەر پارێزگاری کردن لە ریك و ڕاست کردنی ریزەکە و هۆکارێك نەبێت بۆ لاربوون و تێکدانی ریزەکە، بەهۆی سوربونی لە دانانی کورسیەکەی لەشوێنەکەی خۆیدا لەکاتێکدا کە پێویستی بەپێشخستن و بردنەدواوە و پڕکردنەوەی بۆشاییەك بێت لەپێناو راستکردنەوەی ریزەکە.

٧. نوێژخوێنی سەر کورسی دەتوانێ دەستی برا نوێژخوێنەکانی بگرێت ئەگەر پێویست بوو بۆ جولاَندنی کورسیەکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەك یان راست کردنەوەی لاری ریزەکە، بۆ دەستکەوتنی پاداشتی

---

[٧٤] : المصدر السابق (٢٢/١٩١) بتصرف.

[٧٥] : مجموع الفتاوى (٢٢/١٩٣).

ڕێکی ریز و پڕکردنەوەی بۆشایی، چونکە جاری وا هەیە بۆشاییەکە زۆرە و ناکرێت هەموو ریزەکە خۆیان بجولێنن و گشت نوێژخوێنەکان بکەونە جوڵە، بۆیە جولاندنی ئەم کورسیە ئاسانتر و سووکترە بە بەراورد بە جوڵەی هەموو ریزەکە.

٨. نوێژخوێنی سەر کورسی دەبێت سووربێت لەسەر دانانی سوترە ئەگەر ویستی نوێژی سوننەت بکات ئەگەر توانی، لەبەر ئەوەی بەڵگەیەکی زۆر هاتووە کە بە هەموویانەوە ئەوە دەگەیەنن کە دانانی سوترە جەخت لەسەر کراوە و نابێت پشتگوێ بخرێت و هەروەها سوریش بێت لەوەی کە نزیك بێت لە سوترەکەوە، تەنانەت هەندێ لە زانایان بۆچوونیان وایە کە واجبە، جا نوێژخوێنی سەرکورسیش حوکمی نوێژخوێنانی لەشساغ دەیگرێتەوە، و جگە لەوەش دانانی سوترە چەندین سوودی هەیە لەوانە: ئەو زەرەرە لە نوێژخوێن دووردەخاتەوە کە بە هۆی تێپەڕبوونی شەیتانەوە دروست دەبێت بەپێش نوێژخوێنەکەدا، و چاوگرتنەوە لە تەماشاکردنی ئەو شتانەی کە دەکەونە پشت سوترەکەوە، و ڕێگرە لە تێپەڕبوونی خەڵکی لەنزیکیەوە، و ئەمەش کارێکە بینراو و بەڵگەنەویستە، بەوەی کە هەرکەس بەرەو سوترەیەك نوێژبکات ئەوا زیاتر دڵی لای نوێژەکەی دەبێت و ئاگای لەسنوری خۆیەتی و خشوعی بۆ دروست دەبێت و چاویشی بەملاولادا ناڕوات بەتایبەت ئەگەر سوترەکە دیوار یان کۆڵەکەی مزگەوت بێت. وە

دروستبوونی سوترە لە مزگەوتدا بەزۆر شت دەبێت وەکو کۆڵەکە و دیوار و دۆڵابی قورئانەکان و کتێبخانە و هاوشێوەی ئەمانە.

٩.ئەگەر نوێژخوێنی سەرکورسی توانای بەپێوە وەستانی هەبوو ئەوا باشتر وایە تەنها ئەو شتانە بەکاربهێنێت - لەبری کورسی – کە پشتیان پێوە دەنێت و لەریزی یەکەمدا هەن یان شتی تر، لەپێناو کەمکردنەوەی بوونی کورسیەکان لەنێو مزگەوتدا، و هەروەها تێك نەچوونی ریزەکان و وەستان لەئاستی یەکتر.

١٠. نابێت نوێژخوێنی سەر کورسی بەهۆی کورسیەکەیەوە ئەزیەت و ئازاری ئەو کەسەی تر بدات کە لە پشتیەوە نوێژ دەکات، بەوەی قاچەکانی دواوەی کورسیەکەی لەدواتر بێت لەریزەکە و بکەوێتە شوێنی سوجدەی کەسی دواوە، وە من بۆ خۆم کێشە و هەرام بینیوە لەناو مزگەوتی پێغەمبەردا لە مانگی رەمەزاندا لەسەر ئەم بابەتە، چونکە خاوەن کورسیەکە سورە لەسەر دانانی کورسیەکەی لەدواوە و ئەوەی دواوەش دەیەوێت بیباتە پێشەوە هەتا شوێنی سوجدەی بمێنێتەوە، کە هەموو ئەمەش بۆ کەم تێگەیشتن دەگەڕێتەوە لەم بوارەدا.

١١. ئەگەر مزگەوت قەرەباڵغ بوو، وەکو لەهەردوو حەرەمدا دەبینرێت یان لە مزگەوتە گەورەکاندا، چاکتر وایە ئەو کورسیانە

بەكاربهێنرێن كە دەنوشتێنەوە و بچووكن، بەشێوەیەك كە ئەزیەت و ئازاری ئەوانی تر نەدات، بەوەی لە پێش خۆیەوە هەڵی بگرێت یان بینوسێنێت بەقاچەكانیەوە بۆ ئەوەی بەر كەس نەكەوێت، و ئازاریان بدات و هەستیشی پێ نەكات.

١٢. ئەگەر ژمارەی كورسیەكان كەم بوون لەنێو مزگەوتێكدا ئەوا لێرەدا فەزڵی بەخشین دەردەكەوێت، وەكو ئەوەی نوێژخوێنی سەر كورسی ئەگەر بینی كەسێكی تر لەم پێویستترە بۆ كورسی و ئەمیش كورسیەكی لایە ئەوا باشتر وایە كورسیەكەی بەو بدات، كە ئەمەش رەوشتێكی جوانی ئیسلامیە و رۆحی هاوكاری و پەیوەندی برایەتی بەهێزتر دەكات و خۆشەویستی و رێزگرتن بڵاودەبێتەوە لەنێو موسڵماناندا و ئەوانی تریش چاوی لێ دەكەن و ئەم دیاردەیە زیندوو دەبێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەش كە برایەكی بەئاسوودەیی نوێژەكەی بكات و ئەمیش پاداشتی خۆی دەستدەكەوێت.

جادەمەوێت ئاگاداریش لەسەر حاڵەتێك بدەم كە من بۆ خۆم بینیومە لەنێو هەردوو حەرەمدا ئەویش ئەوەیە كە هەندێك لەوانەی لەسەر كورسی نوێژدەكەن، كورسیەك بۆ خۆی دەبات و یەكێكیش بۆ قورئانەكەی كە دەیخاتە سەری لەپێش خۆی، تەنانەت بینیومە خەڵكی ئاسایی لەشساغ

کورسیەکەی بردووە بۆ خۆی وپاڵی داوەتەوە لەسەری و یەکێکی تریشی بردووە بۆ قورئانەکەی بەبێ ئەوەی پێویستی بەهیچ کامیان بێت، جا ئەم رەفتارە سەردەکێشێت بۆ کەمکردنەوەی کورسی بۆ خاوەن پێداویستیەکان.

١٣. نوێژخوێنی سەرکورسی دەبێت ئەو کورسیە گرانبەها وقورس و گەورانە بەکارنەهێنێت کە دەبێتە هۆی سەرنجراکێشانی خەڵکی و جیاوازی چینایەتی بەهۆیەوە دەربکەوێت، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە سوود لە کورسیەکی بچووکی سووك ببینێت بۆ ئەوەی جێگای زیاد لە پێویست نەگرێت و بتوانێت بەئاسانیش جوڵەی پێ بکات و بۆشایی ریزەکانی پێ پڕبکاتەوە لەکاتی پێویستدا.

١٤. ئەگەر لە مزگەوتدا شوێنێکی تایبەت هەبوو بۆ دانانی کورسیەکان وەکو لە هەردوو حەرەمدا هەیە یان لە هەندێ مزگەوتە گەورەکاندا، ئەوا نوێژخوێنی سەر کورسی دەبێت دوای تەواوبوونی نوێژەکەی کورسیەکەی بباتەوە ئەو شوێنەی خۆی – ئەگەر توانی – لەپێناو پارێزگاری کردن لە سیستەمی رێك وپێکی مزگەوت و هاوکاری و کارئاسانی بۆ خزمەتکاری مزگەوتەکەش، کە ئەمەش رەوشت جوانی و هەڵسوکەوت بەرزی پیشان دەدات.

جا دیاردەیەكی تر هەیە كە پێویستە ئامـاژەی بـۆ بكرێـت ئـەویش ئەوەیە كە خەڵكی وا هەیە ئەو كورسیانە دەبەنە دەرەوەی مزگـەوت یـان لـە گۆڕەپان و ساحەی مزگەوتەكە دای دەنێن و لەسەری دادەنیشن بۆ خـواردن و چاوەڕێی پاس یان هاوڕێكەی، كەچی هەر لـەو شـوێنەش جێـی دەهێڵێـت و نایباتەوە شوێنی خۆی، ئەمە لەكاتێكدا ئەو كورسیانە وەقفن بـۆ مزگـەوت بۆ ئەوەی نوێژیان لەسەر بكرێت، و ناكرێ بۆ مەبەستی تر بـەكاربهێنرێن، و ئەگەر ئەم دەرگایە بكرێتـەوە و گـوێی پـێ نـەدرێت ئـەوا دەبـینی زۆربـەی كورسیەكان دەبرێنە دەرەوەی مزگەوت و سوودیان لێ وەرناگیرێت.

١٥. ئەگـەر كەسـی خـاوەن عـوزر لەسـەر عەرەبانـە و كورسـی نەخۆش نوێژی دەكرد كە خۆی لێی دەخوڕی یان كەسێك لێی دەخـوڕی، ئـەوا لەسەریەتی كە دڵنیابێت لەپاك و خاوێنی تایەرەكانی لە كـاتی چـوونە نـاو مزگەوت بۆ ئەوەی راخەری مزگەوتەكان پیس نەبێت، بەتایبەت لەوكاتانـەی كە زەوی قوڕە و كاتی باران بارین بووە و ئاو وەستانەوە، بۆیە چاكتر وایە لـەم حاڵەتانەدا لەپەڕی ریزەكانەوە نوێژ بكات و لەناوەڕاستەوە نەوەستێت.

١٦. ئەگەر بارودۆخ و حاڵی نوێـژخوێنی سەركورسـی باشـتر بـوو وەبـەرەو چـاكبوون رۆیـشت ئـەوا دەبێـت بگەڕێتـەوە بـۆ شـێوازی پێـشوو لەنوێژكردنیدا لە لەشساغیدا، وبەردەوام نەبێت لەنوێژكردن لەسەر كورسـی

ئەگەر پێویستی پێی نەبوو، چونکە تەنها لەکاتی ناچاریدا پەنا بۆ جێگرەوە دەبرێت لەبری ئەصل، جا ئەصل وەستانە بەپێوە و دانیشتنیش جێگرەوەیە، بۆیە ناکرێت لەیەك کاتدا هەم عوزرت نەبێت وناچار نەبیت و هەمیش جێگرەوەت بەکارهێنابێت، و ئەوەش لەبەر عوزرێك رێگەپێدراوە بەنەمانی عوزرەکە ئەمیش نامێنێت و دەبێتە رێگەپێنەدراو، و دەگەڕێتەوە سەر ئەصل کە وەستانە[٧٦]. خواش زاناترە.

بەم شێوەیە کۆتایی بەم نووسینە هات و ئومێدەوارم سوودبەخش بێت و موسڵمانان کەڵکی لێ وەربگرن و داواکارم لەخوای گەورە کە پاداشتم بداتەوە و هی ئەوانەش کە دەستیان هەبووە لە نوسین و هاوکاری کردنم و پێداچوونەوەی بەتایبەت بەڕێز مامۆستا عدنان بارام کە لە دوای پێداچونەوەی ئەم چەند دێڕەی بۆ نوسیم خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە : بارك الله فيكم وجزاكم الله خيراً ، وسدّد على السنة خطانا وخطاكم ... وجعله في ميزان حسانتكم (يوم لاينفع مال ولا بنون إلا من أتى الله بقلب سليم ) آمين .

أخوكم

عدنان بارام الكلاري

---

[٧٦] : المنثور في القواعد (١٧٨/١)، و مجموع فتاوى ابن تيمية (٣٣٣/٢٢).